# چاپکراوی نوێ

کتێبی (ناسنامە: داواکارییەکانی شکۆ و سیاسەتی نیگەرانی) دوایین کتێبی بیرمەندی جیهانی (فرانسیس فۆکۆیاما)یە و لە ئەیلوولی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە لەلایەن (دڵشاد میران)ـەوە کراوەتە کوردی و وەك کتێبێکی تازەی گۆڤاری گوڵان بەم نزیکانە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران، نووسەر لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦ـەدا دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵنەبژێردرابایە، ئەم کتێبەش نەدەنووسرا، بۆیە ئەمە وەك کاردانەوەیەك دژ بە سیاسەتەکانی ترەمپ نووسراوە و هەڵبژاردنی ترەمپ وەك مەترسییەکی گەورە بۆ سەر سیستمی لیبراڵ دیموکراتی سەیر دەکات و، پێی وایە دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی چیدیکە ناتوانن کەرامەتی مرۆڤ بپارێزن، بۆیە خەڵك لە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی کەرامەت و شکۆی خۆی تووڕە دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەم کتێبە گەڕانەوەیەکی فیکرییە بۆ ڕەگ و ریشەی کەرامەتی مرۆڤ وەك بەشێك لە رۆحی مرۆڤ، بەو مانایەی کاتێك کەرامەت پێشێل دەکرێت، ئیدی هیچ شتێك بۆ مرۆڤ مانای نامێنێت.



# پارتی دیموکراتی کوردستان

## بەرپرسیاریەتیی مێژوویی لەم قۆناخەدا

بە هاتنەوەی رۆژی ١٦ی ئاب ٧٣هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی پارتی دیموكراتی كوردستان تێپەڕی، ئەم یادكردنەوەیەش لە كاتێكدایە كە پارتی لە ئێستادا لە هەموو كاتێكی دی زیاتر بەرپرسیاریەتیی مێژووی ئەم قۆناخەی حوكمڕانیی لە كوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی لەسەرشانە.

لە ئێستادا و لەسەر ئاستی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، پارتی دیموكراتی كوردستان، تەنیا لایەنی سیاسییە لەسەر ئاستی هەر چوارپارچەی كوردستان كە وەك لایەنێكی سەرەكی و نوێنەری راستەقینەی گەلی كوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و بەرپرسانی بەشەكانی دیكەی كوردستان سەردانی هەرێمی كوردستان دەكەن، هەروەها پێشوازی لە شاندە فەرمییەكانی هەرێمی كوردستان دەكەن.

لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەكە دیسان پارتی دیموكراتی كوردستان تەنیا لایەنی سیاسییە لەسەر ئاستی هەر چوارپارچەی كوردستان كە بە ئاستی بەرزی پرۆتۆكۆڵی پێشوازی لێدەكرێت و هەر لە هەڵوێستە سیاسییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانیشەوە سەیری كۆی ئاراستەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان بەگشتی و كێشەی كورد لە عێراقدا دەكەن. لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی عێراقیش، بێگومان پارتی دیموكراتی كوردستان تەنیا لایەنی كوردستانییە كە بە شێوەیەكی بەرچاو نوێنەرایەتیی بەشداریی لایەنی كوردستانی لە پرۆسەی حوكمڕانیی عێراقدا دەكات، نەخشەی سیاسیی پارتی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بۆتە رایەڵەی پەیوەندییەكان و میكانیزمی

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی لە کوردستانیشدا، دیارە خەڵکی کوردستان بە دەنگی خۆیان، (پارتی)یان کردۆتە حزبی فەرمانڕەوا لە کوردستان، پارتییش لە سەرینی ئەم متمانە گەورەیەی خەڵکی کوردستانەوە بەرنامەیەکی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان داڕشتووە کە بە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی کوردستان، حکومەتی فرەیی پێکهێناوە و، خەڵکی کوردستانیش لە هەموو کاتێك زیاتر ئومێدیان لەسەر ئەم کابینە تازەیە هەڵچنیوە و چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەن کە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا لەسەر نەخشە ڕێگەکەی پارتی ڕاست بکرێتەوە و حکومەت لەو ئاستەدا هەڵبسووڕێت ك شایستەی خەڵکی کوردستانە.

هاوکات لەگەڵ ئەم پێگە و شکۆیەی پارتی لەسەر هەموو ئاستەکان، دەبێت ئەوەش بڵێین: چۆن پارتی لەلایەك وەك ئەرکێکی مێژووی ئەم قۆناخە و وەك نوێنەری کوردستان لە هەموو ئاستەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەوا لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ئاڵۆز و ناسەقامگیرەشدا، هەر تەحەددی و گوشار و هەڕەشەیەك ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان، یان کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ببێتەوە، ئەوا بە پلەی یەکەم ڕووی پارتی دەگرێتەوە و، پارتی بە حوکمی ئەو بەرپرسیاریەتییە مێژووییەی کە لەسەر شانیەتی، دەبێت شانی بداتەبەر و ڕووبەڕووی هەموو تەحەددی و هەڕەشەیەك ببێتەوە.

دیارە پارتی هەر لەخۆڕا نەگەیشتۆتە ئەو پێگە و شکۆیەی کە ئێستا تیایەتی، ئەمانە هەمووی ڕەنگدانەوە و لۆژیکی سەرۆك بارزانی-یە کە بە گیانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان دەکات و، کاتێك کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، ئەوا سەرۆك بارزانی پێش هەمووان لە سەنگەرەکانی بەرگری بە هەمان هەست و حەماسی شۆڕشگێڕیی ساڵی ١٩٦٢ـەوە هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەی پێشەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیە، کاتێکیش کە هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە لە ئاستێکی شایستەی خۆی نوێنەرایەتی بکرێت، ئەوا دیسان سەرۆك بارزانی لە ناوەندی وتووێژ و کۆبونەوە سیاسییەکان دەبینین، کە چۆن پێداگری لە سەر مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەکات، ئەوجا ئەو داکۆکیکردنە لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان بێت لە عێراقدا، یان داکۆکیکردن بێت لە مافی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، سەرۆك بارزانی چۆن بۆ دابینکردنی مافەکانی خەڵك لە هەرێمی کوردستان بڕوای بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، لەسەر مافی کوردانی پارچەکانی دیکەش بەردەوام ڕێنمایی و ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی بۆیان ئەوەیە کە ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان بگرنەبەر، لەبەر ئەوەی سەردەمی شەڕ و چارەسەرکردنی سەربازی بەسەرچووە.

بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان کە خۆی بە درێژەپێدەری فیکر و ڕێبازی مستەفا بارزانی دەزانێت و سەرۆك مسعود بارزانی وەك قوتابیی ئەو فیکر و ڕێبازە بە کردەیی پیادەی دەکات و درێژەی پێ دەدات، بەردەوام داکۆکی لە ئاشتی و یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان و سەقامگیریی سیاسی و تەناهی بۆ خەڵکی کوردستان دەکاتەوە، ئەم دیدوبۆچوونە کە هەڵقوڵاوی فیکر و ڕێبازی مستەفا بارزانی-یە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر لەناو خودی خەڵکی کوردستان تەبایی و یەکڕیزی بوونی نەبێت، ئەوا ناتوانێت سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی بێتەدی و زەمینە بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتەکان و بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بەدی نایەت. هەروەها بە سوودوەرگرتن

لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن لە ناو ڕێبازی بارزانی-دا، پارتی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی حوکمڕانیی باش و دادپەروەری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بە ئەرکی سەرشانی خۆی و کۆی ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە دەزانێت کە بەرپرسیاریەتیی نیشتمانی لە سەرووی بەرەژوەندیی حزبییەوە سەیر دەکەن، بۆیە لەم ڕاستەوە بەردەوام هەوڵیداوە لەگەڵ هێزە سیاسییە کوردستانییەکان بەرەیەکی سیاسیی فراوان بۆ ئامانجە هاوبەشەکان بێنێتەئاراوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە هەموو تواناکان بۆ خزمەتی گەلی کوردستان بخرێنەگەڕ.

بۆ قۆناخی داهاتوو، پارتی ئەرك و بەرپرسیاریەتی زیاتری دەکەوێتە سەرشان. ڕاستە مەیدانی ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشانی پارتی، هەرێمی کوردستانە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام بەشی هەرە زۆری کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان و ڕەوەندی کورد لە هەندەران، سەرۆك مسعود بارزانی وەك ڕابەری نەتەوەیی خۆیان سەیر دەکەن و چاوی ئومێدیان لەسەر ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی داکۆکی لە مافی هەموان بکات، لە ئێستاشدا کە بارەگای سەرەکیی سەرۆك بارزانی، (بارەگای بارزانی)یە، نەك شوێنێکی دی، ئەوا بارەگای بارزانی ئەو ڕەشماڵە گەورەیەیە کە بۆ هەموو لایەك کراوەیە، ڕاستە ئەم ئەرکە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەرشانی سەرۆك بارزانی، بەڵام تێکڕای پارتی پشتیوانی سەرۆك بارزانی-یە بۆ ئەوەی لەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەدا سەرکەوتوو بێت.

لەم سەردەمەی ئێستادا کە لەسەر ئاستی جیهان بە شێوەیەکی گشتی، حزبی سیاسی ڕووی لە داکشانێکی بێ وێنەی جەماوەری کردووە و، حزبەکان لە نوێنەرایەتیی دەنگدەر و میللەتەکەیان شکستیان هێناوە، دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێتە جێگەی متمانەی تەواوی گەلی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، دیارە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، خەڵك لە میانەی سندوقەکانی دەنگدانەوە سەلماندوویانە کە متمانەیان بە پارتی بەردەوام لە زیادبووندایە، لەسەر ئاستی کوردانی پارچەکانی دیکەش لە بۆنە جیاوازەکاندا بینیومانە کە چۆن بۆ پاڵپشتیی هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی سەرۆك بارزانی و پارتی دەڕژێنە سەر شەقامەکان و پشتگیری لە سەرۆك بارزانی و سیاسەتی ڕاستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن.

لەناو ئەم بەراوردە سادەی بۆ حزبی سیاسیمان لەسەر ئاستی جیهان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە: بۆچی لە سەر ئاستی جیهان و لە ناو سیستمە دیموکراتییەکاندا، حزبی سیاسی ڕووی لە داشکانە، بەڵام پارتی هەم لەسەر ئاستی سیستمە دیموکراتییەکە و هەمیش لە سەر ئاستیی میللی لە هەڵکشانی زیاترە؟ دیارە هەموو ئەو پسپۆڕ و توێژەرانەی لەسەر بواری داشکانی حزبی سیاسی کاردەکەن، بۆچوونەکانیان لە چوارچێوەیەکدا چڕدەکەنەوە، کە کۆی ئەو حزبە سیاسییانەی ڕۆژ لە دوای دەنگەکانیان کەم دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو حزبانە خۆیان لە خەمی هاووڵاتیان و گەلەکەیان بەرپرسیار ناکەن، بۆیە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان خەڵك تۆڵەیان لێ دەکاتەوە، بۆیە لەم خاڵەوە کە سەیری هەڵوێستە مێژووییەکانی سەرۆك بارزانی و پارتی دەکەین لە ڕۆژە سەختەکاندا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، بەوەی پارتی کاتێك لە ڕۆژە سەختەکاندا سەنگەری بەرگری هەڵدەبژێرێت و ئەندامەکانی بە پێوە شەهید دەبن، (کە بێگومان سەرۆك بارزانی و پارتی لە پێناوی سندوقەکانی دەنگداندا ئەم کارە ناکەن)، بەڵام میللەت کاتێك دەبینێت لە ڕۆژە سەختەکاندا بێجگە لە سەرۆك بارزانی و پارتی کەس بەرپرسیاریەتی ئەو ڕۆژانە لە ئەستۆ ناگرێت، ئەوا جیا لەوەی لەسەر سندوقەکانی دەنگدان پاداشتی پارتی دەدەنەوە، لەسەر ئاستی میللیش وەك ئومێدی نەتەوەیەك سەیری دەکرێت.



# ئەدای حکومەتی سەرکەوتوو لەناو کایەی حوکمڕانییەکی نیشتمانیدا



**لە دوای هەڵاوسانە گەورە ئابووری و داراییەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨ ـەوە، ساڵ لەدوای ساڵ دەرکەوت ئەو مەرجانەی سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی کردبوونیە مەرجی پێشوەختە بۆ پۆلێنکردنی حوکمڕانی، وردە وردە بەهای خۆیان لەدەست دا**

**کاتێک سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەناو بەرگە لۆکاڵ و نیشتمانییەکە دەردەهێندرێت و بە زۆر بەرگێکی گلۆباڵی بەبەردا دەکرێت، ئەوا ئەو بنەما و بنەچانەی خودی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەسەر بونیاد نراوە، هەڵدەوەشێت و بەرەو ئیمپڕاتۆریەتێکی جیهانی هەنگاو هەڵدەگرێت**

**مێژووی مرۆڤایەتییش سەلماندوویەتی هەر سیستمێکی حوکمڕانی هەوڵیدابێت خۆی بکاتە گلۆباڵی و سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بسڕێتەوە، ئەوا چارەنووسی هەر لەبەریەکهەڵوەشان بووە**

بەکارهێنانی چەمکی (حوکمڕانیی نیشتمانی) بەمانای جیاکردنەوەی نییە لە چەمکی (حوکمڕانی نانیشتمانی یان ئۆتۆکراتی)، بەڵکو لەم باسەدا ئەم چەمکە بە مانای (حوکمڕانیی نیشتمانی بەمانای لۆکاڵ) لە بەرامبەر (حوکمڕانیی گلۆباڵی) بەکار هاتووە، ئامانجیش لەم جیاکردنەوەیە ئەوەیە کە هەڵوەستە لەسەر شکست، یان کارنەکردنی ئەو حوکمڕانییە گلۆباڵییە بکەینەوە کە لە ژێر ناوی (حوکمڕانیی لیبراڵ دیموکراسی)، چەندین مەرج و مەرجکاری جۆراوجۆری کردبووە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردنی ئەوەی ئەوان ناویاننابوو (حوکمڕانیی باش، یان حوکمڕانی لە ژێر سایەی ئەسۆریتاریانیزم). تەنانەت ئەم مەرج و مەرجکارییە ببووە بەشێك لە مەرجەکانی بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکوومییە نێودەوڵەتییەکانی دیکەش، ئەگەر دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتوو بەو مەرجانە پابەند نەبوایە، ئەوا نە قەرزیان پێ دەدا، نە لە هیچ بوارێکدا هاوکاریی پێویست دەکرا، بەڵام لە دوای هەڵاوسانە گەورە ئابووری و داراییەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨ ـەوە، ساڵ لەدوای ساڵ دەرکەوت ئەو مەرجانەی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی کردبوونیە مەرجی پێشوەختە بۆ پۆلێنکردنی حوکمڕانی، وردە وردە بەهای خۆیان لەدەست دا، هەتا کار گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٦ هەردوو دەوڵەتی سۆپەرپاوەری جیهانی (بەریتانیا و ئەمریکا) ڕایانگەیاند، ئەوان پێش هەر دەوڵەتێکی دیکە پابەندبوونی خۆیان بەو مەرجانە ڕەتدەکەنەوە، تەنانەت ماکماستەر کە لە ساڵی یەکەمی ئیدارەی ترەمپدا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بوو، زۆر ڕاشکاوانە ڕایگەیاند (ڤێرژنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٤٥ بۆ ٢٠١٧ی ئەمریکا دەست نادات)، هەروەها لە حوزەیرانی ٢٠١٦ ش دەنگدەرانی بەریتانیا ڕایانگەیاند: (چیدیکە مەرجەکانی یەکێتیی ئەوروپا بۆ بەریتانیا ناشێت) و بە بەڵێ دەنگیان بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا دا، لەمەش زیاتر لەسەر ئاستی تەواوی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆش، ئاراستەیەکی تازە هاتەئاراوە کە بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان حزبە ناسیۆناڵیستەکان هەڵدەکشان و ئەو حزبانەشی کە داکۆکییان لە دیوە گلۆباڵییەکەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دەکرد، لە داشکاندا بوون.

ئەوەی لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە مەبەستی ئەم نووسینە لە ئاماژەکردنی بۆ شکستی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەسەر ئاستی گلۆباڵی، مەبەست لە خودی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی نییە لەسەر ئاستی لۆکاڵ، یان نیشتمانی لەناو دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەناو بەرگە لۆکاڵ و نیشتمانییەکە دەردەهێندرێت و بە زۆر بەرگێکی گلۆباڵی بە بەردا دەکرێت، ئەوا ئەو بنەما و بنەچانەی خودی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەسەر بونیاد نراوە، هەڵدەوەشێت و بەرەو ئیمپڕاتۆریەتێکی جیهانی هەنگاو هەڵدەگرێت، کە هیچ جیاوازییەکی نامێنێت لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتەکانی (ڕۆمانی، عەباسی، ئومەوی، ساسانی، عوسمانی و.. تا دەگاتە دوایین ئیمپڕاتۆریەت کە خۆی لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت نمایش دەکرد و ئامانجی ئەوە بوو هەموو جیهان لە چوارچێوەی سیستمی کۆمۆنیستیی سۆڤیەتی کۆبکاتەوە)، مێژووی مرۆڤایەتییش سەلماندوویەتی هەر سیستمێکی حوکمڕانی هەوڵیدابێت خۆی بکاتە گلۆباڵی و سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بسڕێتەوە، ئەوا چارەنووسی هەر لەبەریەکهەڵوەشان بووە، هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە حزبە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ژێر ناوی (سۆشیال دیموکرات) لە ژێر چەتری گلۆباڵی کۆمۆنیستی هاتنەدەرەوە و گەڕانەوە بۆ چوارچێوە نیشتمانی و لۆکاڵەکەی وڵاتی خۆیان، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە حزبە سۆشیال دیموکراتەکان بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان لە بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا بگەنە دەسەڵات و ببنە بەشێك لەو سەرکەوتنەی کە ئەزموونی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بە سەر ئیمپڕاتۆریەتی سۆڤیەتی پێشانی هێنا، لەمەش نزیکتر ئەگەر بەراوردێك لەنێوان پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و پارتی

کۆمۆنیستی چین بکەین و ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی پارتی کۆمۆنیستی چین هەتا ئێستاش لە حوکمڕانیدایە و گەورەترین تەحەددای ئەمریکا و ئەورووپا دەکات، بەڵام پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بووە هۆکاری ئەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لەبەریەك هەڵبوەشێت؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە ٣٠ ساڵی دوای رووخانی دیواری بەرلین بۆ ئەو کەسانە قورس نییە کە بەدواداچوون لەسەر ئەم بوارە گرنگەی سیستمی حوکمڕانی لە جیهاندا دەکەن، وەڵامی سادەش بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە جیاوازیی نێوان پارتی کۆمۆنیستی چینی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ئەوەیە کە چوارچێوەی پارتی کۆمۆنیستی چین، چوارچێوەیەکی لۆکاڵ و نیشتمانییە نەك گلۆباڵی، ئاشکراشە لە دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، رۆژئاوا زۆر هەوڵیدا کە پارتی کۆمۆنیستی چینی هاوتای پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بکات، هەوڵێکی زۆریشیان بە رێگەی رێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان خستەگەڕ بۆ ئەوەی هانی گەلی چین بدەن و دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیستی چینی بڕووخێنن، بەڵام وەك ئێستا بیرمەندانی بواری سیاسەت و حوکمڕانی جەختی لەسەر دەکەنەوە و دەڵێن: مێژوو دەریخست ئاراستە لۆکاڵی و نیشتمانییەکەی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە ئاراستە گلۆباڵیەکەی سیستمی لیبڕاڵی نێودەوڵەتی سەرکەوتووتر بووە، ئەمەش دەریخست کە چین لەسەر ئاراستە هەڵەکەی مێژوو نەبووە، بەڵکو لە ماوەی ٣٠ساڵی رابردوودا دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئاراستەی سیستمی لیبڕاڵیی نیودەوڵەتی لەسەر ئاراستە هەڵەکەی مێژوو هەنگاوی هەڵگرتووە.

کێشەی سەرەکی و دەرهاویشتە خراپەکانی شکستی ئاراستەی گلۆباڵی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بۆ دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو، زۆر لە دەوڵەتانی رۆژئاوا زیاترە و دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو زۆر دەرەنگتر لە دەوڵەتانی رۆژئاوا دەتوانن خۆیان لەو دەرهاویشتە خراپانە قوتار بکەن و ئاراستەی حوکمڕانی لە چوارچێوەی حوکمڕانیی لۆکاڵ، یان نیشتمانی راست بکەنەوە، کاریگەریی ئەم شکستەش زۆر گەورەتر لەسەر دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو دەردەکەوێت هەتا دەوڵەتانی رۆژئاوا.

دیارە هەرێمی کوردستان هێندەی وەك دەوڵەتی دیفاکتۆ لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوو شێوازێك لە حوکمڕانی پیادە کردووە، هیندە وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پاشکۆی حوکمڕانی ناوەند نەبووە، تەنانەت هەرێمی کوردستان و عێراق دوو تێڕوانین و تەفسیری جیاوازیشیان بۆ ئەو دەستوورەش هەیە کە عێراق و کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرڕاڵیدا وەك حوکمڕانییەکی هاوبەش پێناسە دەکاتەوە. بۆیە لەم راستەوە ناچار دەبین کە سیستمی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان وەك سیستمی حوکمڕانیی دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتووی دیفاکتۆ، یان دەوڵەتێکی غەیرە ئەندام لە رێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسە بکەین و، هەر بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. راشکاوانەتر دەبێت ئەم دەوڵەتە دیفاکتۆیە لەوە ئاگادار بێت کە دەرهاویشتە خراپەکانی شکستی ئاراستەی لیبڕاڵ دیموکراتیی گلۆباڵی کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاراستەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانیش هەیە، ئەم دەوڵەتە دیفاکتۆیەش دەبێت بە هاوشێوەی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو و دەوڵەتانی پێگەیشتوو، هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بێت کە سیستمی حوکمڕانیی خۆی لەو ئاراستە گلۆباڵییە قوتار بکات و بگەڕێتەوە بۆ ناو چوارچێوە لۆکاڵ و نیشتمانییەکەی و هەوڵەکانی بۆ ئەوە بێت، بە ئیرادە و توانای گەلی کوردستان حوکمڕانییەکی کوردستانییانە پیشانی ناوچەکە و جیهان بدات.

ئاشکرایە جوانترین دیاردە لە میراتی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، پرۆسەی دابەشکردنی هێزەکانی دەوڵەتە بۆ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری)، لەمەش زیاتر بۆ ئەوەی حوکمڕانی ئاراستە راستەکەی خۆی بزر نەکات، جارێکی دیکە چوارچێوەی حوکمڕانیی دەوڵەت فراوانتر کراوە کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و فەزای گشتییش دەگرێتەوە، لەناو هەموو ئەم دامەزراوە و کاراکتەرانەشدا کە کۆی کەسایەتی پرۆسەی حوکمڕانی لەناو هەیکەلی دەوڵەتدا، دەسەڵاتی (جێبەجێکردن)

**جیاوازیی نێوان پارتی کۆمۆنیستی چینی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ئەوەیە کە چوارچێوەی پارتی کۆمۆنیستی چین، چوارچێوەیەکی لۆکاڵ و نیشتمانییە نەک گلۆباڵی**

**دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو زۆر دەرەنگتر لە دەوڵەتانی رۆژئاوا دەتوانن خۆیان لەو دەرهاویشتە خراپانە قوتار بکەن و ئاراستەی حوکمڕانی لە چوارچێوەی حوکمڕانیی لۆکاڵ، یان نیشتمانی راست بکەنەوە**

**هەرێمی کوردستان هێندەی وەک دەوڵەتی دیفاکتۆ لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوو شێوازێک لە حوکمڕانی پیادە کردووە، هیندە وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پاشکۆی حوکمڕانی ناوەند نەبووە**

هەرێمی کوردستان و عێراق دوو تێڕوانین و تەفسیری جیاوازیشیان بۆ ئەو دەستوورەش هەیە کە عێراق و کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا وەک حوکمرانییەکی هاوبەش پێناسە دەکاتەوە

دەبێت ئەم دەوڵەتە دیفاکتۆیە لەوە ئاگادار بێت کە دەرهاویشتە خراپەکانی شکستی ئاراستەی لیبراڵ دیموکراتیی گلۆباڵی کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاراستەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانیش هەیە

لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٨ ئەزموونی هاریکاری و هەماهەنگیی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی وەزیران، جیا لەوەی دەستکەوتگەلێکی باشیان بۆ گەلی کوردستان بەدەستهێناوە، لەهەمانکاتدا ئەم هەماهەنگی و هاریکارییە بووە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان لە چەندین قەیرانی گەورەش تێپەڕێنن

ڕۆڵی مەکۆیەك بۆ كۆی جووڵە و ئاراستەی حوكمڕانی دیاری دەكات و دەیجووڵێنێت، بۆیە كاتێك جۆرە تێكەڵییەك لەنێوان حكومەت و حوكمڕانی بە ئاستێك دروست دەبێت، كە لە حكومەتەوە سەیری كۆی حوكمڕانی بكرێت، لەبەر ئەوەیە ئەركی سەرەكیی حكومەت ئەوەیە كە چۆن لە چوارچێوەیەكی لۆكاڵ و نیشتمانیدا بڕیار و یاساكان جێبەجێ دەكات. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت كە سوود لە پێشكەوتنە جیهانییەكان وەرنەگیرێت، بەڵكو ئەزموونی پێشكەوتنە جیهانییەكان لە ناو چوارچێوەیەكی نیشتمانی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خەڵكەكەی سوودیان لێوەر دەگیرێت.

لە خوێندنەوەیەكی گشتگیریدا بۆ بەرنامەی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێم كوردستان، ئەو ئاراستەیە دەخوێندرێتەوە كە حكومەت بەو شێوەیە بەرنامەكەی داڕشتووە كە هەموو هەوڵەكانی بۆ وەڵامدانەوەی خواست و پێداویستییەكانی خەڵكی كوردستان بێت، بەڵام ئەم وەرچەرخانەی كە ئەم كابینەیە دەیەوێت لە كۆی پرۆسەی حوكمڕانی كوردستاندا بیهێنێتە ئاراوە، كارێكی ئاسان نییە و، جیا لەوەی پێویستی بە كات و داهاتە، لە هەمانكاتدا ڕووبەڕووی گوشاری جۆراوجۆریش دەبێتەوە.

## ● دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە ئاراستەكردنی حوكمڕانیی سەركەوتوودا

سیستمی حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی سیستمێكی پەرلەمانییە و سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە ڕاوێژ لەگەڵ حكومەت و پەرلەمان دەسەڵاتەكانیشی جێبەجێ دەكات، بەڵام كۆمەڵێك دەسەڵاتی فراوانی هەیە و دەتوانێت لەسەر ئاستی یاسادانان و جێبەجێكردن ڕۆڵێكی ئەكتیڤ و كاریگەر بگێڕێت، ئەمەش جیا لەوەی دەبێتە هۆكاری ئەوەی هاریكاری و هەماهەنگییەكی باش لەنێوان پەرلەمان و حكومەت دروست بكات، لە هەمانكاتیشدا لە بواری دەسەڵاتی جێبەجێكردنیشدا، خۆی دەبێتە هاریكارێكی ڕاستەوخۆی سەرۆك وەزیران و لە زۆر بواردا ئەركی سەرشانی حكومەت ئاسانتر دەكات.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٨ ئەزموونی هاریكاری و هەماهەنگیی نێوان سەرۆكایەتیی هەرێم و سەرۆكایەتیی وەزیران، جیا لەوەی دەستكەوتگەلێكی باشیان بۆ گەلی كوردستان بەدەستهێناوە، لەهەمانكاتدا ئەم هەماهەنگی و هاریكارییە بووە هۆكاری ئەوەی هەرێمی كوردستان لە چەندین قەیرانی گەورەش تێپەڕێنن وەك (شەڕی دژی داعش، بڕینی بوودجە و مووچەی هەرێمی كوردستان، هاتنی نزیكەی دوو ملیۆن ئاوارە بۆ كوردستان، ڕێگرتن لە ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و.. هتد) . هەر بۆ نموونە: لە شەڕی دژی داعشدا، سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان، جیا لە ئەركی سەرۆكایەتیی هەرێم، ئەركی سەرپەرشتیكردنی هەموو بەرەكانی شەڕی دژی داعشی خستبووە سەر شانی خۆی، لەبەرامبەریشدا نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆك وەزیرانی كوردستان، بەڕێوەبردنی كۆی قەیرانەكانی دیكەی لەسەرشان بوو.

ئەم ئەزموونە جۆرێك لە گەشبینی بۆ هەنگاوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دروست دەكات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، جیا لەوەی كابینەی نۆیەم بە بەرنامەیەكی گشتگیری نیشتمانییەوە دەستی بەكارەكانی كردووە، لەهەمانكاتدا ژینگەیەكی سیاسیی ئەوتۆش لە كوردستاندا هاتۆتەئاراوە كە بتوانرێت كۆی دامەزراوەكانی حوكمڕانی وەك یەك تیم پێكەوە كاربكەن و شان بدەنەبەر ئەو بارە قورسەی كە هاووڵاتیان چاوەڕێی دەكەن ئەم حكومەتە جێبەجێی بكات.

بێگومان لە مێژووی نەتەوەكانی جیهاندا، زۆر نەتەوە هەن كە دوای تێپەڕاندنی قەیرانە گەورەكان، دەستیان داوەتە بونیادنانەوە و پەرەپێدان و بە گیانی كاركردنی (تیم) لە ماوەیەكی سنووورداردا گۆڕانكاریی گەورەیان لە وڵاتی خۆیان دروست كردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بكرێت، ئەوەیە كە تەنیا ئەو نەتەوانە لە دوای تێپەڕاندنی قەیرانەكان توانیویانە گۆڕانكاریی گەورە دروست بكەن، كە پشتیان بە ئیرادەی گەلەكەی خۆیان بەستووە و بە شێوەیەكی ڕاست وەبەرهێنانیان لە سەرچاوەی مرۆیی خۆیاندا كردووە.



کێشەی گەورە و سەرەکی لە بەردەم بەرنامەکەی کابینەی نۆیەمدا، پەتای گەندەڵییە، راستە بەرنامەی ئەم کابینەیە راشکاوانە شەڕی خۆی لە دژی گەندەڵی راگەیاندووە و بڕیاری داوە کە یەکەم ئەرکی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە هۆکارەکانی کەڵەکەبوونی ماکەکانی گەندەڵی، هۆکارگەلێکی سیاسین، پێش ئەوە کارگێڕی بن، یان پەیوەندییان بە شێوازی سیستمی حوکمڕانییەوە هەبێت، بۆیە هەنگاوهەڵگرتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی ترسناکی لەمجۆرە، پێش هەموو شت دووبارە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی واقیعییانەی ئەو ژینگە سیاسییەی کوردستان هەیە، کە خودی ئەو ژینگە سیاسییە زەوییەکی بەپیت بووە بۆ بەرهەمهێنانی گەندەڵی لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە هەتا وەرچەرخانی ریشەیی لەو ژینگە سیاسییە دروست نەکرێت، ئەوا ناتوانرێت ژینگەیەکی تازەی سیاسیی ئەوتۆ دروست بکرێت، کە رێگە نەدات جارێکی دیکە گەندەڵی بەرهەم بێنێتەوە.

ئەزموونی نەتەوە سەرکەوتووەکان لە بواری ریشەکێشکردنی گەندەڵی، جیا لەوەی پێمان دەڵێن: ئەزموونی هیچ نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی دیکە کۆپی ناکرێتەوە، لەهەمانکاتدا ئەوەشمان پێ دەڵێن: گەندەڵی بە گۆڕینی بیرکردنەوە چارەسەر دەکرێت، نەك بە وەرگرتنی رێوشوێنی توند. لەمبارەوە ئەگەر سەیری ئەزموونی کۆماری چین بکەین لە پرۆسەی ریشەکێشکردنی گەندەڵی، دەبینین هیچ سەرۆکێك وەك (شی جین پینگ) رێوشوێنی توندوتیژی نەگرتۆتەبەر بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، تەنانەت گەیاندوویەتە سزای لەسێدارەدان و لەماوەی نزیکەی ٧ ساڵی رابردوودا چەندین کەس لەسەر گەندەڵی لەسێدارە دراون. سەرۆکی چین لەدوای ساڵی ٢٠١٣وە هەتا ئێستا دۆسیێی لێکۆڵینەوەی گەندەڵی بۆ زیاتر لە ٢,٧ ملیۆن کاربەدەست و بەرپرسی چینی کردۆتەوە و زیاتر لە ١,٥ ملیۆن کاربەدەست و بەرپرسی سزا داوە، کە لە ناویاندا (ژانگ یانگ)ی گەورە ژەنەڕاڵ و سەرۆکی بەشی سیاسەتی سەربازی بوو لە وەزارەتی

**تەنیا ئەو نەتەوانە لە دوای تێپەڕاندنی قەیرانەکان توانیویانە گۆڕانکاریی گەورە دروست بکەن، کە پشتیان بە ئیرادەی گەلەکەی خۆیان بەستووە و بە شێوەیەکی ڕاست وەبەرهێنانیان لە سەرچاوەی مرۆیی خۆیاندا کردووە**

**هۆکارەکانی کەڵەکەبوونی ماکەکانی گەندەڵی، هۆکارگەلێکی سیاسین، پێش ئەوە کارگێڕی بن، یان پەیوەندییان بە شێوازی سیستمی حوکمڕانییەوە هەبێت**

**سەرۆکی چین لەدوای ساڵی ٢٠١٣وە هەتا ئێستا دۆسێی لێکۆڵینەوەی گەندەڵی بۆ زیاتر لە ٢,٧ ملیۆن کاربەدەست و بەرپرسی چینی کردۆتەوە و زیاتر لە ١,٥ ملیۆن کاربەدەست و بەرپرسی سزا داوە**

بەرگری چین و لە ساڵی ٢٠١٧ لە ژوورەکەی خۆی، خۆی خنکاند، لە بەرامبەر ئەم هەموو ڕێوشوێنە توندە، ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین: ئایا کۆماری چین توانی گەندەڵی ریشەکێش بکات؟ یان ئایا ئەم ڕێوشوێنە توندانە توانییان حکومەتی چین بگێڕنەوە بۆ ئەو شکۆیەی کە چین بە شایستەی خۆی دەزانێت؟ بێگومان، نەخێر. بەڵام ئەگەر لە بەرامبەر ئەمەدا سەیری ئەزموونی سەرۆك پارك چانگ بکەین لەساڵی ١٩٦١ لە کۆریای باشوور، ئەوا دەبینین لەبەر ئەوەی پارك چانگ بیرکردنەوەیەکی نوێی بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی پیادە کرد و ژینگەیەکی سیاسی و حوکمڕانیی ئەوتۆی دروستکرد کە جێگەی گەندەڵی تیا نەبێتەوە، ئەوا جیا لەوەی لە ماوەیەکی کورتدا گەندەڵی کەم کردەوە بۆ ئاستێکی زۆر کەم، لە هەمانکاتدا ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و پەرەپێدانیش لە وڵاتدا بە ئاستێك پێشکەوت کە لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا کۆریای باشوور ئاستی وڵاتانی جیهانی سێیەمی بەجێهێشت و گەیشتە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان.

ئەم دوو ئەزموونە فێرمان دەکەن، ڕاستە شی جین پینگ هەموو ڕێگەیەکی گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی گەندەڵی لە حکومەتی چیندا نەهێڵێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە بیرکردنەوەیەکی تازە بۆ شێوازی حوکمڕانی لەناو حکومەتی چیندا دروست بکات، ئەوا نەیتوانیوە گەندەڵی ریشەکێش بکات، بەڵام پارك چانگ بێ ئەوەی سزای زۆر توندی کەس بدات، یان کەس لەسێدارە بدات، گەندەڵی گەیاندە ئاستێکی زۆر نزم و وڵاتەکەشی گەیاندە ئاستێکی زۆر بەرز.

ئەم دوو نموونەیە گرنگ بوون، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو دەرهاویشتە خراپ و ترسناکانەی گەندەڵی ڕابوەستین کە دەتوانین بڵێین لە زۆر بواردا حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئیفلیج کردووە، یەکێك لەو دەرهاویشتە خراپانەش فراوانکردنی زیاد لە ئاستی خۆی هەیکەلی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ٧٥٪ی کۆی داهاتی کوردستان بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخان دەکرێت، پێشتر کە تەواوی پشکی کوردستانیش لە بەغداوە دەهات، نەدەتوانرا زیاتر لە ٢٠٪ی بودجەی کوردستان بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخان بکرێت، لەمەش زیاتر لەم پشکەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانیشدا کە بە حیساب بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی کوردستان تەرخان کرابوو، دیسان ژینگەی سیاسیی کوردستان و سیستمی پارتایەتی نابەرپرسیار بەشێکی زۆری ئەم پارەیەی بە گەندەڵی بەهەدەر دەدا و پرۆژەکان بە نیوەچڵ و تەواونەکراوی بەجێدەهێڵدران.

ئەگەر ئەمە تەنیا کێشەکانی کەرتی گشتی (حکومەت) بن، بەڵام لە بەرامبەردا کەرتێکی فراوان و ڕێکنەخراوی تایبەتیشمان هەیە، کە بەداخەوە ئەم کەرتە هەتا ئێستا لەئاستی ئەو چاوەڕوانی و ئومێدەدا نییە کە کەرتی تایبەتی نیشتمانی لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت.

لەوانەیە هەندێك نەبوونی ڕۆڵێکی کاریگەری کەرتی تایبەت، بۆ لاوازیی ئەم کەرتە بگێڕنەوە، بەڵام ئەگەر چاوێکی خێرا بەو پرۆژانەدا بگێڕین کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ -٢٠١٨ لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری و بازاڕ و بازرگانی ئەنجام دراون، ئەوا دەگەینە ئەو قەناعەتەی ئەگەر ئەم کەرتە بە باشی ڕێکبخرایە، ئەوا بە سەدان هەزار هەلی کاری بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکرد و دەبووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەگەڕخستن و وەبەرهێنان لە سەرچاوەی مرۆیی کوردستاندا.

بۆیە لەم ڕاستەوە، ئەگەر پێمان وابێت تەنیا هەیکەلەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك (کەرتی گشتی) پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوە و بیرکردنەوەی تازە هەیە، ئەوا لەبری ئەوەی دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزینەوە، کێشەکان هێندەی دیکە ئاڵۆز دەکەین، بۆیە هەنگاوی گرنگ و بنەڕەتی لە دووبارە ڕێکخستنەوە و هێنانی بیرکردنەوەی تازەیە بۆ ناو کەرتی تایبەت. ئەمڕۆ کەرتی تایبەت شادەماری هەڵسووڕێنەری هەموو جومگەکانی خزمەتگوزاری و داهاتە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام جێگەی داخە ئەم شادەمارە بە سستی کاردەکات و لە ئاستی ئومێدەکانی خەڵکی کوردستاندا نییە.

لەکوێ ئەو سیستمە حوکمڕانییانەی کە

پشت بە ئابووریی بازاڕ و کەرتی تایبەت دەبەستن، کەرتی تایبەت بەشێکی جیاکراوە نییە لە پرۆسەی حکومەت و حوکمڕانی، بەڵکو تەواوکاری پرۆسەکەیە، هەر بۆیە ئەو خەڵکانەی کە پسپۆڕ و شارەزان و ئەزموونی کاری وەزیفییان هەیە، زۆرتر لەناو کەرتی تایبەت کار بۆ خۆیان دەدۆزنەوە و خزمەتی وڵاتی خۆیان دەکەن، لەمەش زیاتر کەرتی تایبەت فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی چینێکی ناوەندیی بەهێز، کە ئەم چینە ناوەندە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەروەریی یاسا لە وڵاتدا. لەمەش زیاتر ئەکتیڤیی کەرتی تایبەت لە هەر وڵاتێکدا کاریگەری لەسەر ئەکتیڤی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی هەیە، بە دروستبوونی ئەم هاوسەنگییەش لە ئەکتیڤیی کەرتی گشتی و تایبەتدا، جیا لەوەی کەرتی گشتی تەرشیق دەبێت و ئەرکەکانی سەرشانی سووک دەبێت، لە هەمان کاتدا کۆی پرۆسەی حوکمڕانییش بەرەو حوکمڕانیی سەرکەوتوو هەنگاو هەڵدەگرێت.

**● حوکمڕانیی کوردستان خۆبەڕێوەبردن لە هەرێمیکدا، یان حوکمڕانیی دەوڵەتێکی دیفاکتۆ**

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ و لە میانەی کۆبوونەوەی تێکڕای لایەنە عێراقییەکان بە سەرپەرشتی سەرۆك بارزانی لە هەولێر بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەمی نوری مالیکی، سەرەنجام گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی کە تەواوی دەستووری عێراق وەك یەك سەفقە جێبەجێ بکرێت و تەواوی کێشەکانی عێراق بە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداوە چارەسەر بکرێت، ئەم ڕێککەوتنە کە ١٩ خاڵی لەخۆ گرتبوو، تەواوی کێشەکانی عێراقی لە خۆی گرتبوو، بۆ چاودێرکردنی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنەش سەرۆك بارزانی، د.ڕۆژ نوری شاویسی جێگری سەرۆك عێراقی دەستنیشان کردبوو بۆ ئەوەی لە بەغدا و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە تەواوی ڕێککەوتنەکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەداخەوە وەك بینیمان دوای زیاتر لە ساڵ و چەند مانگێك هیچ یەکێك لە بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکران و سەرەنجامیش سەرەتای کێشە ئاڵۆزەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەستی پێکرد.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢وە تا نزیکەی کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق هەموو ڕێگەیەکیان تاقیکردەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ناچار بەو شێوەیەی چارەسەری کێشەکان بکەن کە خۆیان دەیانەوێت، نەك دەستوورەکە وەك خۆی جێبەجێ بکەن، بەڵام نەیانتوانی لەو کارەدا سەرکەوتوو بن.

هەر بۆیە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨ و لە وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، سەرۆك بارزانی ڕاشکاوانە خاڵبەندیی پێتەکانی کردو بە ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندن، ئەگەر بەرنامەی ئەم حکومەتە نەخشەیەکی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تێدا نەبێت، ئەوا ئێوە بڕۆن، حکومەتی خۆتان دابمەزرێنن و ئێمە وەك لایەنی کوردستانی بەشداری تێدا ناکەین.

لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی و هەستکردنی لایەنە عێراقییەکان بە جددییەتی سەرۆك لەسەر ئەم پرسە چارەنووسسازە، بەرنامەی حکومەتەکەیان وەك سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەو جۆرە دارشت کە سەرۆك بارزانی بڕیار بدات لایەنی کوردستانی بەشداری لە حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بکات.

مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە میانەی سەردانەکەی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی دەوڵەتی عێراق، ڕاشکاوانە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: زۆر بە ئاشکرا بە هەموو لایەکمان وتووە، بە هیچ شێوەیەك سازش لە سەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ناکەین و لە مافەکانی خۆشمان زیاتر دوای هیچی دی ناکەین.

ئەم لێدوانە ڕاشکاوانەیەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان، تەواوی ناوەرۆکی ئەو ڕێککەتنەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان کردوویەتی، ئەوەشمان بۆ دەخاتەڕوو کە ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستووری عێراق کراوە،

**٧٥٪ی کۆی داهاتی کوردستان بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخان دەکرێت، پێشتر کە تەواوی پشکی کوردستانیش لە بەغداوە دەهات، نەدەتوانرا زیاتر لە ٢٠٪ی بودجەی کوردستان بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخان بکرێت**

**هەنگاوی گرنگ و بنەڕەتی لە دووبارە ڕێکخستنەوە و هێنانی بیرکردنەوەی تازەیە بۆ ناو کەرتی تایبەت. ئەمڕۆ کەرتی تایبەت شادەماری هەڵسووڕێنەری هەموو جومگەکانی خزمەتگوزاری و داهاتە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام جێگەی داخە ئەم شادەمارە بە سستی کاردەکات و لە ئاستی ئومێدەکانی خەڵکی کوردستاندا نییە**

**کەرتی تایبەت فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی چینێکی ناوەندیی بەهێز، کە ئەم چینە ناوەندە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەروەریی یاسا لە وڵاتدا**



**لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨ و لە وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک بارزانی راشکاوانە خاڵبەندیی پیتەکانی کردو بە راشکاوانە پێی راگەیاندن، ئەگەر بەرنامەی ئەم حکومەتە نەخشەیەکی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تێدا نەبێت، ئەوا ئێوە بڕۆن، حکومەتی خۆتان دابمەزرێنن و ئێمە وەک لایەنی کوردستانی بەشداری تێدا ناکەین**

بەڵام نەك جێبەجێکردنی دەستوور وەك سەفقەیەك بۆ هەموو عێراق، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەو بڕگە و ماددانەی کە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق ڕێکدەخات.

ئەم ڕێککەوتنەی نێوان هەردوولا، ئەو پرسیارە بەدوای خۆیدا دەهێنێت: ئایا لەم حاڵەتەدا هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: نەخێر، هەرێمی کوردستان وەك ئەو هەرێمە فیدراڵییە دەبێت لە عێراقدا کە لە ٤ی ١٠ی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە، ئەمەش بەو مانایەی ١١ ساڵ پێش ئەوەی عێراقی نوێ دابمەزرێتەوە، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری داوە پەیوەندییەکانی ئایندەی لەگەڵ هەر حکومەتێکی داهاتووی عێراق چۆن بێت، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣ کە هەرێمی کوردستان بووە بەشێك لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، دیسان ئەوە چەسپێنراوە کە هەرێمی کوردستان بەو مەرجە دەبێتە بەشێك لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە لە پرۆسەی داڕشتنەوەی دەستووری عێراقدا، کۆی ئەو یاسا و بڕیارانە لەناو دەستوورەکە بە فەرمی بناسرێن کە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٣ دەریکردوون. لەمەش گرنگتر لایەنی کوردستانی لە داڕشتنەوەی دەستوورەکەشدا، میکانیزمێکی وای دروستکردووە کە هەموارکردنەوەی ئەم دەستوورە بە تەنیا لە دەسەڵاتی عەرەبی عێراق نەبێت کە زۆرینەن، بەڵکو دەستوورەکە مافی کەمینەشی پاراستووە و ئەگەر دوو لەسەر سێی، سێ پارێزگا ئەو هەموارە ڕەتبکەنەوە، ئەوا دەستوورەکە هەموار ناکرێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا یان ئەوەیە کۆتایی بە دەوڵەتی تازەی عێراق بێت و بگەڕێنەوە بۆ خۆسەپاندن و دیکتاتۆری، یان حکومەتی عێراق بەپێی ئەو دەستوورەی ئێستای عێراق دەبێت بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات کە بە یاسا و بڕیار پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٣ ڕێکیخستووە.

ئەم باکگراوەندەمان بۆ ئەوە باسکرد، کە هەرێمی کوردستان تەنیا لە ڕوویەکەوە دیفاکتۆ نییە، بەڵکو لە ڕووی یاسایی و دەستووریشەوە دیفاکتۆیە و دەستووری عێراق ددانی بەم دیفاکتۆیەدا ناوە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر شێوازی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و



بەغدا و چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی نێوان هەردوولا بەوەی کە ئایا بەغدا ئامادەباشیی ئەوەی تێدا دەبێت، کێشەکانی لەگەڵ هەرێم چارەسەر بکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ ئەو لێدوانە رۆژنامەوانییەی سەرۆك بارزانی لە سەردانەکەیدا بۆ بەغدا، کە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: «هەست دەکەین بیرکردنەوەیەکی نوێ لەم حکومەتەدا هەیە، ئەگەر ئەوەمان بەدی نەکردایە، لەوانەیە ئەم سەردانەشمان نەکردایە».

ئەگەر لەسەر ئەم لێدوانەی سەرۆك هەڵوەستە بکەین و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا دەبێت ئەو بیرکردنەوە تازەیەی ناو حکومەتی عێراق، یان ئەو لایەنە سیاسییانەی حکومەتی تازەی عێراقیان پێکهێنابێت، چی بێت؟ بێگومان لایەنە سەرەکییەکانی شیعەی عێراق کە رۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە، بەوانەی بەشدارییان لە حکومەتدا کردووە و بەوانەشی بەشداریی حکومەتیان نەکردووە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا رێگە بۆ ئەوەی لە حوکمڕانیدا بمێننەوە، ئەوەیە کە تەنیا رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاشتی و دیالۆگە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان نەك هەر نەبۆتە بار بە سەر حکومەتی عێراقەوە، بەڵکو ساڵ لە دوای ساڵ ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراقی سووك کردووە و لە ئێستادا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە تەنیا لە ٥٠٪ی ئەو پشکەی بودجەی عێراق وەربگرێت کە دەستوورەکە دیاری کردووە، بۆیە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەش بەتایبەتی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووردا، هێندەی دیکە ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراق سووك دەبێت.

لەم روانگەیەوە هەست بە جۆرێك لە گەشبینی دەکرێت سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق لە چوار ساڵی داهاتوودا، بەتایبەتیش کە بینیمان وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان شاندێکی باڵای بڕیاربەدەست بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، دوای ئەوەش گوێمان لە لێدوانەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو سەبارەت بە پابەندبوونی حکومەتەکەی بەو رێککەوتنەی کە لە سەر مووچەی فەرمانبەران لەگەڵ هەرێم ئیمزایان کردووە.

**مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە میانەی سەردانەکەی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی دەوڵەتی عێراق، راشکاوانە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: زۆر بە ئاشکرا بە هەموو لایەکمان وتووە، بە هیچ شێوەیەک سازش لە سەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ناکەین و لە مافەکانی خۆشمان زیاتر دوای هیچی دی ناکەین**



شرۆڤەیەکی ئابووری بۆ بەرنامەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# گەڕانەوەی متمانە و ریزبەندی لە جێبەجێکردنی ئامانج





پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**ئەوەی دەکرێت جێی سەرنج بێت لە کارنامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی کابینەی نوێی حکومەت ئەوەیە کە کۆمەڵێک ئامانجی گەورەی دەستنیشان کردووە، بەڵام ئەوەی جێی داخە بۆ ئەم کارنامەیە ئەوەیە کە بۆ جێبەجێکردنی، ڕیزبەندی بۆ ئەولەوییەتەکان نەکراوە**

**بەرنامەی ئابووریی حکومەت زۆر دەوڵەمەندە لە ڕوانگەی ئەو ئامانجانەی دەستنیشانی کردوون بۆ ئەوەی بەدەستیان بهێنێت، بەڵام لەبەرامبەردا و لە ڕووی داراییەوە زۆر هەژارە**

**ئەو بەرنامەیەی لەلایەن ئەم حکومەتەوە دانراوە پێویستی بە پاڵپشتیی گەورە و زۆری دارایی هەیە، کە ئەمە نە لە بەردەستی حکومەتی پێشوودا بووە و نە ئێستاش لەبەردەستی حکومەتی نوێدایە**

**● دەستپێك**

ئاشکرایە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بارگرانییەکی قورسی بۆ بەجێماوە، کە خۆی لە بوونی قەیرانێکی ئابووریدا بەرجەستە دەکات، ئەویش دەرئەنجامی دارمانی بەهای نەوت بوو لە چەند ساڵێك پێش ئێستا. ئەو کات حکومەتی هەرێم لەپێناو خۆڕاگرتن و ڕێگەگرتن لە داڕووخان، بەناچاری کۆمەڵێك سیاسەتی پەیڕەو کرد، دەڵێم (بە ناچاری) بەو مانایەی کە هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکی ئیستسنائی (واتە لە نێوان سەربەخۆیی و لەهەمان کاتدا ناسەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی)دا بوو. لە ڕووی سیاسییشەوە ئاشکرایە کە ئەندامانی نێماڵی کوردی بە پلەی جیاجیا لە حاڵەتێکی تەنگژەی سیاسیی بەردەوامدا دەژین و ناوبەناویش تەنگژەکە بە قووڵی و توندی سەرهەڵدەداتەوە، لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ناوەندا بەهۆی کەڵەکەبوونی چەندین کێشەی هەڵواسراوی ئیداری و سیاسی و ئابوورییەوە، حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا لە قەیرانێکی سیاسیدایە، کە تائێستاشی لەگەڵدا بێت، نەتوانراوە چارەسەری گونجاو و یەکلاکەرەوە بۆ ئەو هەموو کێشەیە بدۆزرێتەوە، لە ڕووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ئاشکرایە هاتنی ئەم کابینەیە لە دوای ئەو پەیوەندییە ناجێگیرو ئاڵۆزانە دێت، کە هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەیبووە. لەم ڕوانگەیەوە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای هەموو دەستکەوتەکانی کابینەی پێشوو، چەند ئەرکێکی زۆر قورسی ئابووری و سیاسیی خستۆتەسەرشانی خۆی، کە دەبێت هەوڵی گرتنەبەر و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ ئەم پرسانە بدات.

**● چۆن کارنامەی حکومەت باشتر و کاراتر بکرێت؟**

ئەوەی پەیوەست بێت بە کارنامەی ئەم حکومەتە نوێیەوە، ئەوا بەپێی تێڕوانینی من لە دوای خوێندنەوەو شرۆڤەکردنی ئەم کارنامەیە سەرەڕای ئەوەی چەندین لایەنی ئیجابی و باشی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام دوو خاڵی سەرەکییشی پشتگوێ خستووە، کە بریتین لە:

یەکەم: چۆنێتیی گەڕانەوەو بەدەستهێنانی متمانەی ناوخۆ لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە.

دووەم: ئەوەی دەکرێت جێی سەرنج بێت لە کارنامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی کابینەی نوێی حکومەت ئەوەیە کە کۆمەڵێك ئامانجی گەورەی دەستنیشان کردووە، بەڵام ئەوەی جێی داخە بۆ ئەم کارنامەیە ئەوەیە کە بۆ جێبەجێکردنی، ڕیزبەندی بۆ ئەولەوییەتەکان نەکراوە، چونکە ڕاستە سەرجەم ئامانجەکانی کارنامەی کابینەکە ئامانجی قووڵ و جێگای سەرنج و گرنگن، چ لە پەیوەندی بە خەم و خواستی هاووڵاتیانی ئاسایی کوردستان بێت، یان لەسەر ئاستی دانانی چارەسەر بۆ دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەناوخۆو لەگەڵ دەوروبەرو لایەنەکانی دەرەوەدا. لەبەر ئەوە بەپێی تێڕوانینی ئابوورییانەی من کارێکی پێویستە کە حکومەتی نوێ لە پەیوەندی بە هاووڵاتییانی ئاساییەوە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێت، ئەویش لە ڕێی دانانی بناغەیەك بۆ ئەوەی متمانەیەکی نوێ دروست ببێتەوە لە ئاست حکومەتدا، کە خەریك بوو ئەو متمانەیە لەگەڵ کابینەی پێشوودا لەرزۆك دەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کابینەی پێشوو دوای سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییەکە بە ناچاری کۆمەڵێك ڕێکاریی گرتەبەر، کە خۆی لە بڕینی بەشێکی گرنگی موچەی موچەخۆران بەناوی پاشکەوتی موچەدا دەبینیەوە، تاوەکو نەدانی ماف و موستەحەقاتەکانی بەڵێندەر و کۆمپانیاکان، بەم شێوەیە حکومەتی پێشوو کەوتە ناو پەیڕەوکردنی ئەم کاروکردەوە هاودژە ئابوورییانە کە بەناچاری نەك بەئارەزوومەندانە دەبوایە لەو کات و قۆناغەدا جێبەجێی بکردایە. بۆیە پێویستە بەرپرسانی باڵای کابینەی نوێی حکومەت کە ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، ئەم ڕاستی یە باش بزانن، کە کاروکردەوەی ئابوورییانەی کابینەی پێشوو دژی ڕێسا و یاساکانی ئابووری بوون و بەناچاری ئەم هەنگاوانە نراون، ئەم قەیرانەش دەرئەنجامی دارمانی بەهای نەوت بوو، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ئێمە جڵەوی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیمان لە دەستدا نەبوو، ئەو دەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان

هیچ لایەنێکی بەدی نەکرد، کە هاوکاری و پاڵپشتیی بکات، هەروەها نەیتوانی قەرزیش لە دەرەوە بکات، ئەوەبوو هاووڵاتی ئاسایی و بەڵێندەر و کۆمپانیاکان بوونە قوربانیی ئەم سیاسەت و ڕێکارە ئابوورییانەی کە حکومەتی پێشوو پەنای بۆ بردن، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی قەیرانە دارایی و ئابوورییەکە، کە لە ڕاستیدا ئەم هەنگاو و کار و کردەوانە بوونەهۆی قووڵکردنەوەی قەیرانەکە لەلایەك و لەدەستدانی متمانەی هاووڵاتی و بازاڕ لەلایەکی دیکەوە. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە باشترە حکومەتی نوێ ئەم خاڵە بکاتە دەستپێك و کاری لەسەر بکات. مەبەستم ئەوەیە بەڵێنی گەڕاندنەوەی

هەر وەزارەتێك پێویستە ئەم بنەمایانەی خوارەوە لەخۆبگرێت یاخود بۆی دابین بکرێت:

١. کارنامەکە دەبێت واقیعی بێت و بەهێمنی و عەقڵانی هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی گرفتەکانی هاووڵاتیان و کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بنرێت، نابێت لەم ڕووەوە جڵەو بۆ خەیاڵ شل بکرێت. چونکە لە ڕاستیدا ئەو بەرنامەیەی لەلایەن ئەم حکومەتەوە دانراوە پێویستی بە پاڵپشتیی گەورە و زۆری دارایی هەیە، کە ئەمە نە لە بەردەستی حکومەتی پێشوودا بووە و نە ئێستاش لەبەردەستی حکومەتی نوێدایە.

٢. پێویستە ئەم کارنامە وەزارەییە لەناو



سەرجەم شایستەکان بدات شایستەی کۆمپانیا و بەڵێندەر و فەرمانبەران لە نزیکترین دەرفەتدا کە مومکین بێت. کە دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەکی تێروتەسەل و پلەبەندی دابنرێت، بەم بەرنامەیەش دەکرێت متمانەی هاووڵاتیان و بازاڕ بگەڕێنرێتەوە.

## ● بنەماکانی سەرکەوتنی کارنامەی هەر وەزارەتێك

بەرنامەی ئابووریی حکومەت زۆر دەوڵەمەندە لە ڕوانگەی ئەو ئامانجانەی دەستنیشانی کردوون بۆ ئەوەی بەدەستیان بهێنێت، بەڵام لەبەرامبەردا و لە ڕووی داراییەوە زۆر هەژارە، هەربۆیە بۆ سەرکەوتنی کارنامەی

کابینەکەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ڕیزبەندی بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و کارەکان دابنرێت، تاوەکو نزیك بێتەوە لە چارەسەری گونجاو بۆ کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی توانای حکومەت لە بواری جێبەجێکردندا.

## ● چەند بەرەیەك کە پێویستە حکومەت کاریان لەسەر بکات

کەس لەدژی دانانی بەرنامەیەکی هاوبەشی دەوڵەمەندی حکوومی نییە، کە هەمووان لەسەری ڕێکبکەون، بەڵام لەسەرەتادا دەبێت ئەو بەرنامەیە لە ڕووی کردارەوە توانای جێبەجێکردنی تێدا بێت، چونکە پەرلەمان و

راگەیاندن و پارتەکان و ئۆپۆزسیۆن (ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بوونی هەبوو) هەر هەموویان پێکەوە چاودێریی توانای حکومەت دەکەن، بۆ جێبەجێکردن و هێنانەدیی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە، هەروەها بۆ لابردنی ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی کارنامەکەی حکومەتیش، پێویستە بەڕێوەبەرانی هەرێمەکە لەسەر ئاستی چەند بەرەیەکی سەرەکیدا لە ئامادەباشیدا بن و کار بکەن، لەوانە:

یەکەم : هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی داهاتی نوێ کە ببێتە پاڵپشت بۆ گەنجینەی دارایی هەرێم. ئیدی سەرچاوەی ئەو داهاتە سامانێکی راستەقینە، یان سامانێکی دارایی بێت.

دووەم: والاکردنی دەرگا لەبەردەم گەورەکۆمپانیاکانی جیهانی بۆ پشکنین و رووپێوکردنێکی جیولۆجی و گەڕان بەدوای دەرامەتی نوێ دا، لە سەر خاکی هەرێم بێت، یان لەژێر خاکی هەرێم بێت، لەگەڵ گەشەپێدان و برەودان بەو دەرامەت و داهاتانەی لەبەردەستدان.

سێیەم: ئەوەی پەیوەست بێت بە بواری دارایی و ئابوورییەوە، پێویستە ژیان بۆ سیستەمی بانکی بگەڕێندرێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا و چیتر چارەسەرەکان دوانەخرێن، کە نزیکەی سێ دەیەی بەسەردا تێپەڕیوە، لەگەڵ رێکخستنەوەی سیستمی باج و پێداچوونەوەی بە ئاڕاستەیەك بۆ ئەوەی لە رێی باجەوە داهات و دەرامەت بۆ گەنجینە بەدی بهێنرێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێت کار لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکان لەگەڵ بەغدا بکرێت، بۆ ئەوەی هێندەی دەکرێت داهات و دەرامەتەکانی هەرێمی جێگیر و بەردەوام بن.

چوارەم: پێویستە بیر لە جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورە بکرێتەوە، کە بە تەنیا کەرتی تایبەت لە رێی دەرفەت ڕەخساندن بۆ ئەم کەرتە ئەنجامیان بدات، بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەك بۆ بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم، بەتایبەتی پرد و رێگاکان و رێگادان بە ئیدارەدانیان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ، چونکە ئێمە دەزانین یەکێك لە خاڵە ئیجابییەکانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە هەڵکەوتە جوگرافییە نایابەکەی، کە دەکرێت لە رێگەی بازرگانیی ترانزێتەوە داهات و دەرامەتی دارایی زۆر گەورە بەدەست بهێنێت، ئەمەش بەبێ بوونی ژێرخانێك لە رێگاوبانی خێرا نایەتەدی کە رۆژهەڵات و رۆژئاوای هەرێم پێکەوە ببەستێتەوە. هەر لە بواری بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری هەرێمەوە پێویستە بیر لە دروستکردنی بەنداوی گەورە بکەینەوە، وەکو بەنداوی بێخمە کە داهات و دەرامەتێکی ئابووریی گەورەی دەوڵەمەندی هەیە، ئەمەش دەکرێت لە رێگەی کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بەناوبانگەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ جێبەجێ بکرێت، بۆ نموونە ٢٥ ساڵ، ئەو کۆمپانیایە مافی بەڕێوەبردن و بەدەستهێنانی داهاتەکانی بەنداوەکەی هەبێت و دواتر موڵکدارێتیەکەی بگوازرێتەوە بۆ حکومەت.

**ر دوو ئیشکالی گەورە کە ناکرێت ئاماژەیان پێنەکرێت**

بۆ شرۆڤە و قسەکردن لەسەر کارنامەکە ناکرێت باسی ئەو دوو ئیشکالیاتە گەورەیە نەکەین، کە هەرێمی کوردستان تووشی بووە، ئەوەش بریتین لە:

١. ئیشکالیەتی دەوڵەت و هەرێم.
٢. ئیشکالییەتی کەرتی گشتی و تایبەت.

واتە هەندێکجار ئێمە بە شێوەیەك رەفتار دەکەین کە وەکو ئەوەی دەوڵەت بین، هەندێك جاریش لە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا وەکو هەرێمێکی بچووك هەڵسوکەوت دەکەین، لێرەدا وا پێویست دەکات بەپێی واقیع مامەڵە بکەین و پێگەی راستەقینە و فیعلیی ئابووری و سیاسیی خۆمان بزانین و وردە وردە و بە بێدەنگی خەونەکان دەستەبەر بکەین. هەروەها دەبێت سوود لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا وەربگرین و بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکان و کێشە مامناوەندییەکان لە رووی زەمەنەوە واقیعییانە مامەڵە بکەین و کێشە درێژخایەنەکان بۆ کاتی خۆی هەڵبگرین.

سەبارەت بەئیشکالییەتی دووەمیش، ئیشکالییەتی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، ئەوا دەبینین لە کارنامەکەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وا دەردەکەوێت، کە کەرتی گشتی و حکومەتی هەرێمی

**کەس لەدژی دانانی بەرنامەیەکی هاوبەشی دەوڵەمەندی حکوومی نییە، کە هەمووان لەسەری رێکبکەون، بەڵام لەسەرەتادا دەبێت ئەو بەرنامەیە لە رووی کردارەوە توانای جێبەجێکردنی تێدا بێت**

**دەبێت کار لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکان لەگەڵ بەغدا بکرێت، بۆ ئەوەی هێندەی دەکرێت داهات و دەرامەتەکانی هەرێمی جێگیر و بەردەوام بن**

**یەکێک لە خاڵە ئیجابییەکانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە هەڵکەوتە جوگرافییە نایابەکەی، کە دەکرێت لە رێگەی بازرگانیی ترانزێتەوە داهات و دەرامەتی دارایی زۆر گەورە بەدەست بهێنێت**

کوردستان لە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی ئابووری لەناو هەرێمەکەدا سەرکردە و پێشڕەو بن، ئەمە لەکاتێکدا لەسەرجەم گوتار و لێدوانەکانماندا وادەردەخەین کە گرنگە و پێویستە کەرتی تایبەت ڕۆڵ و پێگەی تایبەتمەندی و پێشڕەویی خۆی لە بەڕێوەبردنی ئابووری و ئاراستەکردنیدا ببینێت، ئالێرەدا وا پێویست دەکات جیاکردنەوەیەك بکەین، لەنێوان ئەوەی دەکرێت لە ڕێی حکومەتەوە جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ دانانی ئەولەوییەتەکان و دەستنیشانکردنی ئەوەی کەرتی تایبەت دەتوانێت جێبەجێی بکات، کە بە هەمان شێوە دەبێت ئەولەوییەتەکانی دیاری بکرێت. دواتر دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەروەکو چۆن کەرتی گشتی کەرتێکی نیشتمانییە، ئەوا بەهەمان شێوە کەرتی تایبەتیش کەرتێکی نیشتمانییە، واتا باوەڕمان بە دڵسۆزیی کەرتی تایبەتیش هەبێت و بە ترسەوە لێی نەڕوانین.

بەمشێوەیە پێویستە هەردوو ئەم ئیشکالییەتە لەبەردەم داڕێژەرانی سیاسەتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمەکەدا ڕوون و ئاشکرا بن.

**● گرنگیی پارێزگاریکردن لە ئارامی و سەقامگیری**

لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە، کە لەهەمان کاتدا خاڵێکی سەرەتایی و ڕوون و ئاشکرایە، ئەویش بریتییە لە پارێزگاریکردن لە سەقامگیری و ئارامی و ئاسایشی هەرێمەکە، بە تایبەتی ئەو سەرۆکەی کابینە وەزارییەکەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبات، پسپۆڕایەتی و شارەزاییەکی باشی لە دۆسیێی ئەمنی دا هەیە، لەبەر ئەوە من پێم سەیر نابێت کە ئەگەر دوژمنانی گەلی کورد و بەرهەڵستکاران لە ناوخۆ و دەرەوە بیانەوێت لە ڕێی دۆخە ئەمنی و سەربازییەکەوە پەیامە سیاسی و ئابوورییەکانیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرن. هەروەکو چۆن لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینە وەزارییەکەوە چەند ڕووداوێك ڕوویاندا ڕاستیی ئەم پێشبینی و ئەگەرانەیان ئاشکرا کرد، کەواتە دەتوانرێت بوترێت هیچ کارنامەیەکی حکومەت بێ بوونی ئارامی و ئاسایش و ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی سەقامگیر و تەندروست و ئارام بوونی نییە.

**● پرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی**

مەسەلەیەکی دیکە لە هەردوو بواری سیاسی و ئابووریدا هەیە، کە من دەمەوێت لەخاڵی لاوازییەوە بیگۆڕین بۆ خاڵی بەهێزی، ئەویش بریتییە لە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەرەکییەوە، بەوڵاتانی نزیك و دووریشەوە، لە کابینەکانی پێشوودا زۆر هەوڵ لەم بوارەوە هەبوو، کە جێگای ستایش و دەستخۆشییە و هەنگاوی گەورە و گرنگ لەمبوارەدا نراوە و ئەرکی حکومەتی نوێیە لەسەر پەرەپێدانی ئەم پەیوەندییانە و قوڵبوونەوە لەناو ئەو پەیوەندییانەدا بەردەوام بێت و لە بەرژەوەندیی هەرێمەکە ئاراستەیان بکات.

**● دەبێت شەڕی گەندەڵی شەڕێکی ڕاستەقینە بێت**

سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییش کە لە کارنامەکەی سەرۆك وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە و جاڕی شەڕ لە دژی دراوە، من پێم وایە خاڵی سەرەکیی سەرکەوتن بەسەر گەندەڵیدا لەوەوە دێت کە لەخودی ئەڵقە نزیکەکانی نێو نوخبە سیاسی و ئابوورییەکانەوە دەست پێ بکات، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی پەیامێکی باش و ئیجابی بێت، بەوەی هەڵگیرسانی جەنگ دژی گەندەڵی جەنگێکی ڕاستەقینەو جددییە، نەك لە خوارەوە دەست پێ بکرێت و تەنیا لێپرسینەوە لە فەرمانبەرە بچووکەکان بکرێت و لەسەر هەق و ناهەق بیانکەنە قوربانی، ئەمە لەلای هاووڵاتیان جگە لە نارەزایەتی و گلەیی و ڕەخنە زیاتر، هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە، هەربۆیە واپێویست دەکات کە حکومەت دیواری ئەستووری گەندەڵی ببرێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییش پێویستمان بە بەرنامە و پرۆگرامێکی گشتگیر و سەرتاسەری هەیە.

**● سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ**

وەکو لە سەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەم پێدا، کابینەی نوێی حکومەت میراتێکی قورسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی حکومەتەکانی پێشووی کەوتۆتە سەرشان،

**دەبێت سوود لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا وەربگرین و بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکان و کێشە مامناوەندییەکان لە ڕووی زەمەنەوە واقیعییانە مامەڵە بکەین و کێشە درێژخایەنەکان بۆ کاتی خۆی هەڵبگرین**

**هەروەکو چۆن کەرتی گشتی کەرتێکی نیشتمانییە، ئەوا بەهەمان شێوە کەرتی تایبەتیش کەرتێکی نیشتمانییە، واتا باوەڕمان بە دڵسۆزیی کەرتی تایبەتیش هەبێت و بە ترسەوە لێی نەڕوانین**

**خاڵی سەرەکیی سەرکەوتن بەسەر گەندەڵیدا لەوەوە دێت کە لەخودی ئەڵقە نزیکەکانی نێو نوخبە سیاسی و ئابوورییەکانەوە دەست پێ بکات**




**وا پێویست دەكات كە حكومەت دیواری ئەستووری گەندەڵی ببڕێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییش پێویستمان بە بەرنامە و پرۆگرامێكی گشتگیر و سەرتاسەری هەیە**

كە لە شوێنەوارە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی شەڕەكانی پێشوو لە دژی گەلی كوردستان، هەروەها شەڕەكانی دواتریش لە دژی ئەم گەلە رەنگدەداتەوە. ئەوەتا شاڵاوەكانی ئەنفال هێشتا لەسەر بیرو سایكۆلۆژیای گەلی كوردا نەسڕدراوەتەوە و دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە هێشتا نەتوانراوە شوێنەوارەكانی بە شێوەیەكی راستەقینەر بنبڕ بكرێن، تەنانەت شوێنەوارەكانی شەڕی تیرۆرستانی داعشیشی هاتە سەرو، بەهەمان شێوە تەواوكاریی ئازارو مەینەتییەكانی كۆمەڵكوژییەكانی پێشووەو كاریگەریی توندی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە، هەروەكو چۆن هەموو شەڕە تەقلیدییەكانی حكومەتەكانی پێشووی عێراق دەرهەق بە گەلی كوردستان وێرانكەر بووە، هەربۆیە بۆ سڕینەوەی شوێنەوارە خراپەكانی ئەم شەڕوماڵوێرانیانە ئەركی كابینەی نوێی حكومەتی هەرێمە بەرنامەو پلانێكی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتیی سەرتاپاگیر و گشتگیری هەبێت، لەمەشدا چارەسەرەكان ناوخۆیی بن و لەگەڵ ناوەندا هەماهەنگی و هاوكاری هەبێت، پێشتر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان دیراسەتێكی گشتگیر و فراوانی دارشتبێت بۆ چۆنێتیی لەناوبردنی ئەم شوێنەوارە خراپانە، پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانیش پاڵپشتی و هاوكاریی جێبەجێكردنی راسپاردەكانی ئەم دیراسەتە بكات.

## ● بچووككردنەوەی هەیكەلی حكومەت

هەر لەناو كارنامەكەی كابینەی نۆیەمی



حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، زەرورەتی تەرشیقکردنی هەیکەلییەتی دامودەزگاکانی حکومەت و کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانە. کابینەی پێشوو هەندێك هەنگاوی لەم ڕووەوە هەڵگرت، بەڵام هەنگاوەکانی شەرمنانە بوون، بە تایبەتی لە نەهێشتنی فەرمانبەری وەهمی لەنێو ئیدارەی حکومەتدا، ئیدی لە بواری مەدەنی، یان سەربازیدا بێت. لەبەر ئەوە پێویستە حکومەت بەڵێنی خۆی جێبەجێ بکات بۆ نەهێشتنی فەرمانبەری وەهمی و دەبێت کارکردن لە نێو دامەزراوەکانی حکومەت و کرێ و مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت بە بەرهەمدارییەوە گرێ بدرێتەوە، ئەمەش بەرنامەیەکی دیکەی حکومەتی دەوێت کە بەرنامەیەکی درێژخایەن بێت بۆ کۆتاییهاتنی ئەم میراتە بەجێماوە لە بوونی کەرتێکی گشتی بێ بەرهەم. یەکەم هەنگاوی ئەم بەرنامەیەش بریتییە لە چالاککردنەوەی دامەزراوەی ئەنجومەنی ڕاژەی فەرمانبەران. لەکۆتاییدا زۆر بە پێویستی دەزانم ڕاسپاردەی ئەوەم بۆ سەرۆکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت، کە هیوای هەموو سەرکەوتنێکی بۆ دەخوازم، پێویستیشە ئەنجومەنێکی باڵای ئابووریی ڕاستەقینەی لەبەرزترین ئاستدا هەبێت و بەردەوام ئەم ئەنجومەنە دیراسەتی کێشە ئابوورییەکان بکات و پێشنیاری چارەسەرکردنیان بۆ بکات، نەك ئەو ئەنجومەنە ئابوورییە ڕواڵەتییەی ئێستا کە نەمان بینی هیچ دەستکەوتێکی ڕاستەقینەی هەبێت.

**پێویستە حکومەت بەڵێنی خۆی جێبەجێ بکات بۆ نەهێشتنی فەرمانبەری وەهمی و دەبێت کارکردن لە نێو دامەزراوەکانی حکومەت و کرێ و مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت بە بەرهەمدارییەوە گرێ بدرێتەوە**

# ئایا کوردستان پێویستی به‌ ئیسلامی سیاسییه‌؟

**پرۆژەی ئیسلامی سیاسی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و بۆ سەربەخۆییش دەست نادات، چونکە پرۆژەیەکی تەسک و سنووردارو کۆکەرەوەو سەرتاسەری نییە**

هیچ کەسێك، بەتایبەتیش شوێنکەوتووانی ئیسلامی سیاسی وا تێ نەگەن کە من ئەو چەند دێڕە دەنووسم، بۆ ئەوەیە تانە لە کەسایەتیی ئیسلامی بدەم، یان لە بەهای ئیسلامیی کوردستان کەم بکەمەوە، من ڕێزم بۆیان هەیە، چونکە ئەوان کەس و برای ئێمەن و پێکەوە لە یەك نیشتماندا دەژین، هەندێکیان لەپێناو کوردستاندا دژی ستەم و زۆرداریی سەردەمی بەعس خەباتیان کردووە، ئەوان ئازادن بەوەی بڕوایان پێی هەیە، یان باوەڕ بە پرۆگرام و بەرنامەیەك دێنن لە کاروانی سیاسیی خۆیاندا، من ڕەخنە لە بەرنامە و پڕۆژە و ڕێبازەکەیان دەگرم، ئەمەش بە دڵنیاییەوە مانای رق و کینە و بوغز نییە. ڕەخنەگرتن لە بەرنامە و فیکر، یان پڕۆژە هەر چییەك بێت، دیاردەیەکی دروست و رۆشنبیریی بەرزە، هاوکات پڕۆژەیەکی شارستانییە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەواو و هاوسەنگ و سەرکەوتوو.

جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو کەسەی ڕەخنە لە ئیسلامییەکان دەگرێت، کە رقی لێیان ببێتەوە و لەنێوان ئەوەی کە بە پەرۆشەوە چاکیان بکات و ڕێی راستیان نیشان بدات، ڕەخنەی یەکەم ڕەخنەیەکی ڕەتکراوەیە لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان و بە ڕەخنەی ڕەجمکار ناوی دەبەم، ڕەخنەی دووەم ڕەخنەیەکی زانستی و بابەتییانەیە، بە مەبەستی چاکسازی و بنیاتنانەوە، من بە ڕەخنەی بەزەیی ناوم بردووە، نێوانی ئەو دوو ڕەخنەیە وەك نێوانی زەوی و ئاسمان وایە، ڕەخنەی ڕەجمکار ئامانجی ناوبانگ پەیداکردن و خۆدەرخستن و بەدیهێنانی مەرامی کەسێتییە، خاوەنی ئەو ڕەخنانە بەوە ناسراون کە شارەزایی و ئەزموونیان کەمە ڕەخنەکەیان رووکەشییانەیە و ورد نییە، جەخت لەسەر تانەلێدان لە کەسایەتییەکان دەکاتەوە، بۆیە کەس گوێی لێ ناگرێت، بەڵکو پەرچەکرداری بەهێزی لێ دەکەوێتەوە، بە پێچەوانەی ڕەخنەی بەزەیی کە ناسراوە بە شرۆڤەکردنی ورد و قووڵ لە بیرکردنەوە و لۆژیك و گفتوگۆکردنی بیروبۆچوونەکان بە شێوەیەکی هێمنانەو لەسەرەخۆ، مانای وا نییە کە ڕەخنەی بەزەیی لای ئیسلامییەکان پەسندە، بەڵکو ڕەتکراوەیە، بەڵام لە ڕەخنەی ڕەجمکار چاکترە، چونکە هەندێ جار عەقڵمەداران ناچاردەکات بەخۆیاندا بچنەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی دەیانەوێت بگەنە راستی، نموونەش بۆ ئەمە زۆرە.

با بچینە نێو باسەکەوە، ئایا کوردستان بە راستی پێویستی بە ئەزموونی ئیسلامی سیاسییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:



د.عەرەفات کەرەم ستونی
بۆ گوڵان نووسیویەتی

یەکەم: ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین، دەوڵەتانیش لە رێی هۆشیاریی نیشتمانییەوە سەربەخۆدەبن، چونکە تاکە پێوانەیە کە کۆدەکاتەوەو جوداناکاتەوە، هەموو هاووڵاتیان پێکەوە کۆدەکاتەوە بە جیاوازیی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی، نیشتمان بۆ هەمووانەو هەمووانیش بۆ نیشتمان، ئینتیمای نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینی بۆ توێژێکی دیاریکراوە، هیچ کام لەم ئینتیمایانە چاك نییە تا هەموو هاووڵاتیان لە یەك نیشتماندا کۆبکاتەوە، ئەگەر دەوڵەتێکمان دامەزراند لەسەر بنەمای نەتەوەیی چارەنووسی نەتەوەکانی دیکە چی دەبێت وەك ئەوەی تورکیاو سووریا، یان لەسەر بنەمای ئایینی و مەزهەبی وەك ئەوەی ئێران، کە کۆمارێکی ئیسلامییە لە رووی ئایینەوە، بەڵام شیعەیە لە رووی مەزهەبەوە، چارەنووسی ئایین و مەزهەبەکانی دیکە لە کوێیە، ئیسلامی سیاسی لە راستییدا ئینتیمای ئایینی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆجییە، ناشێت هەموو هاووڵاتیان لە یەك نیشتمان کۆبکاتەوە، چونکە ئینتیمایەکی ئایینی (ئیسلامی)یە ئایینەکانی دیکەی وەك کریستیانی و جوولەکەو ئێزیدی پەراوێزدەخات، هەروەها ئینتیمایەکی تایفەگەری (سوننە)یە مەزهەبەکانی دیکەی وەك تایەفەی شیعە پەراوێزدەخات، ئایدیۆلۆجیی مەزهەبییە کە دەکرێ (شافعی لە کوردستان، یان حەنەفی لە پاکستان، یان حەنبەلی لە سعودیە، یان مالکی لە مەغریبی عەرەبی) بێت، بۆیە هەموو مەزهەبەکانی دیکە پەراوێزدەخات، هەروەها مەزهەبێکی دیاریکراو رادەگەیەندرێت کە پێوانەی بنەڕەتییە، بۆیە پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و بۆ سەربەخۆییش دەست نادات، چونکە هەر وەك گوتم پڕۆژەیەکی تەسك و سنووردارو کۆکەرەوەو سەرتاسەری نییە، وەك ئەوەی پەیوەستە بە پڕۆژەی نیشتمانییەوە.

دووەم: ئایین لەوە گەورەترە ببێتە ئامرازێك بۆ وەدیهێنانی ئامانجگەلی سیاسی و حزبی، ئایین سروشی خوایی و بێ خەوشە بۆ ئەوە هاتووە رێنوێنیی خەڵك بکات بۆ رێگای راست، ئایین نەهاتووە تا هەندێ کەس بۆ مەرامی تایبەتی و حزبی و سیاسی بیقۆزنەوە، ئایین کاریگەرییە رۆحییەکەی خۆی لە کۆمەڵگەکاندا لەدەستداوە، خەریکە بەیەکجاری پیرۆزییەکەی لەدەستدەدات، ئەویش دوای ئەوەی ئیسلامییەکان بە سیاسییان کردووە، کاتێ ئایین ئازاد دەبێت لە مەرامی سیاسەتوانان و لێکدانەوە توندڕۆکانیان، دەبینین کە کاریگەرییەکەی بەهێزو مەزن دەبێت،

**ئایین لەوە گەورەترە ببێتە ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی ئامانجگەلی سیاسی و حزبی، ئایین سروشی خوایی و بێ خەوشە بۆ ئەوە هاتووە رێنوێنیی خەڵک بکات بۆ رێگای راست**

**ئایین کاریگەرییە رۆحییەکەی خۆی لە کۆمەڵگەکاندا لەدەستداوە، خەریکە بە یەکجاری پیرۆزییەکەی لەدەست دەدات، ئەویش دوای ئەوەی ئیسلامییەکان بە سیاسییان کردووە**

**واقیعی کوردستان پێویستی بە ئیسلامی سیاسی نییە، چونکە ژینگەکەی بە درێژایی مێژوو دیندار بووە و چەندین زانامان هەیە کە لە دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیریی ئیسلامی و کتێبخانەی ئیسلامیدا پشکدار بوون**

**ژینگەی کوردستان شارستانی و دەوڵەمەندە بە کەلەپوور و کولتووری خۆی و پێویستی بە ئەزموونگەلی شکستخواردوو نییە، کە لە دەرەوە بێنە کوردستانەوە**

چونکە ئەوکاتە ئایینی کۆمەڵگە دەبێت، نەك ئایینی سیاسەتوانان، ئایین دەستەبژێر نییە بەڵکو میللییە، سیاسەتوانان هەوڵیانداوە بیکەنە دەستەبژێر تاکو حەزەکانیان بێننەدی، بە واتایەکی دیکە خۆیان بە بریکاری خودا داناوە، لەجیاتی ئەو ئایینیان بۆ هەواداریان لێکداوەتەوە تاکو دوایان بکەون، بەبێ ئەوان هیچ ناجووڵێنەوە، تا رەزامەندییان وەرنەگرن، بۆیە کۆنترۆڵی فتواو بڵاوکردنەوەو پێگە و کتێب و گۆڤار و رۆژنامە و کەناڵەکانیان کردووە، ئەمەش تاکو ئایین نەبێتە ئایینێکی میللی بەڵکو مۆرکی ئایدیۆلۆجییەکی دیاریکراوی پێوە بلکێت، کە خۆیان بۆیان درووست کردووە.

سێیەم: لەو وڵاتانەی کە ئیسلامی سیاسی تێیاندا پەیدابوو، وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی چاکسازیی پەروەردەیی دژی گەندەڵی و ستەم و شیوعییەت و بێ بڕوایی دەرکەوت، وەك میسر و عێراق و تورکیا و ئێران و دەوڵەتانی دیکە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە بە تێپەڕبوونی کات ئەم دینداریییە کۆمەڵایەتییە گۆڕدرا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی بە ناوی ئایین، لە سەرەتادا دینداران زیادیان کرد، ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵام کاتێ سەرکردەکان دەبینن ئەو دیندارانە گوێڕایەڵیانن دەیانگۆڕن لە دینداریی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دینداری سیاسی، کێشە مێژوویی راستەقینەکە لێرەدایە، ئەم هەوڵە بووە هۆی سەرهەڵدانی توندڕەوی و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەتەکان، هەروەك لە میسر و جەزائیر و کوردستان روویدا، بەڵام سەرەتا لە میسر بوو، دواتر لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی تەشەنەی کرد، خوێنەران ئاگایان لە وتارەکانمە لە مێژووی ئەزموونی ئیسلامی سیاسی لەو دەوڵەتانەی بۆم نووسیون، کە چۆن ئیسلامی سیاسی کارەسات و ماڵوێرانی و خوێنڕێژیی بۆ هێناون.

ئەوەی پەیوەستە بە کوردستانەوە شتەکە بەتەواوی جیاوازە، وەك ئەوەی میسرو دەوڵەتانی دیکە نییە، بەڵکو ئەزموونی ئیسلامی سیاسی وەك خۆراکی قوتووبەند گواستراوەتەوە بۆ کوردستان، واقیعی کوردستان پێویستی بە ئیسلامی سیاسی نییە، چونکە ژینگەکەی بە درێژایی مێژوو دینداربووە، چەندین زانامان هەیە کە لە دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیریی ئیسلامی و کتێبخانەی ئیسلامیدا پشکداربوون، بۆیە ئەزموونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان رووبەڕووی ژینگەی کوردستانی بۆتەوەو بەتەواوی رەتکراوەتەوە، لەبەرئەوە ئەزموونی ئیسلام بە شێوازی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە بۆ ئەوەی ژینگەیەك بۆ خۆی بگونجێنێت، بەڵام شکستی هێناوە، ژینگەی کوردستان شارستانی و دەوڵەمەندە بە کەلەپوور و کولتووری خۆی و پێویستی بە ئەزموونگەلی شکستخواردوو نییە، کە لە دەرەوە بێنە کوردستانەوە، بۆیە ئەو ئەزموونە دەمرێت و شکست دێنێت، بەڵام ئەمەشیان کاتی پێویستە، چونکە کوردستان بیرمەندو دامەزراوەی رەسەنی فیکریی کەمە، کە چارەسەری ئەم کێشە مەترسیدارە چارەنووسسازانە بکەن.

چوارەم: هەندێ سەرکردەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان هەوڵیان دا وشەی (ئیسلامی) لە کۆتایی ناوی حزبەکانیان بسڕنەوە، وەك ئەوەی تورکیا، بەڵام شکستیان هێنا و پێشنیازەکەیان رەتکرایەوە، چونکە ئەوکاتە چۆن هاووڵاتیانی دیندار جیاوازیی نێوان حزبە ئیسلامییەکان و عەلمانییەکان بکەن، دواتر چۆن دەکرێ حزبە ئیسلامییەکان کە لە دەوڵەتە عەرەبییەکان بڵاوبوونەتەوە، بزانن کە کوردستان حزبی ئیسلامی تێدایە، ئەگەر ئەو وشەیەیان لێ لادرا، ئیسلامییەکان لە کوردستان پێویستیان بە هەماهەنگیی و پەیوەندیی نێوانیان هەیە، ئەم رەفتارەیان قسەکەی فەیلەسووفی موسڵمان ئیبن روشدی ئەندەلوسییان لەسەر جێبەجێ دەبێت، کە دەڵێت: (ئەگەر ویستت تەحەکوم بە نەزانێك بکەیت، ئەوا هەموو ناڕاستییەك بە بەرگی ئایین پەردەپۆش بکە)، من قسەم لەگەڵ سەرکردەیەکیان کرد و پێیم گوتن: بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە (ئیسلامی) هەڵەیەکی زانستییە، واتا وردەکارییم بۆ روونکردەوە، بەڵام بێ سوود بوو، لە وتارێکمدا کە لە گۆڤاری گوڵاندا بڵاوبۆتەوە مێژووی ئەم زاراوەیەو راستیی واتاکەیم باسکردووە، پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات.

پێنجەم: ئیسلامی سیاسی بەتەواوەتی ئیسلامی شێواندووە، هەندێکیان کردوویانە بە

ئایینی شەڕ و تیرۆر، وەك گرووپە تەكفیرییەكان، كە وایكردووە خەڵك گومان لە ئایینەكەیان بكەن، لە كوردستانیش چەندین حزبی ئیسلامی دروستبوون دواتر نەمان و دوای ئەوە سەریانهەڵدایەوە و لێكجیابوونەوە و گۆڕان، ئەگەر ئەوانە لە بانگەوازەكانیان راستگۆ بوونایە، ئەوا رێكدەكەوتن و یەكیان دەگرت، خوای گەورە فەرموویەتی: (واعتصموا بحبل الله جميعا)، بەڵام دیارە ئەوانە بە فەرمانی خواوە پابەند نین، بەڵكو تەنیا جیاكاری و پێكدادان و رق وكینە و دژایەتیكردنی یەكدی و ناكۆكی دەزانن، مالیكی كوڕی ئەنەس بە فەعنەبی گوتووە: «دەستكاریی هەر شتێكت كرد بیكە، تەنیا دەستكاریی ئایینەكەت مەكە» قۆستنەوەی ئایین بۆ وەدیهێنانی ئامانجی سیاسی وەك ئەوە وایە دەستكاریی ئایینی خودا بكەیت، ئەوان هەوڵیاندا وتارەكەیان یەك بخەن، بەڵام نەیانتوانی چونكە مەرامەكەیان سیاسەت بوو، نەك خزمەتكردنی ئایین، تەنانەت لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستانیشدا ئیسلامییەكان نەیانتوانی بە یەك لیست بەشداربن، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە كە ئیسلامی سیاسی پرۆژەیەكی ئایدیۆلۆجییە و بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێكی نیشتمانی كە خزمەتی كۆمەڵگە بكات ناگونجێت.

شەشەم: پێویستە یاسایەك لە پەرلەمانی كوردستانەوە دەربچێت، بە قەدەغەكردنی دامەزراندنی هەر حزبێك لەسەر بنەمای ئایینی، یان مەزهەبی، یان نەتەوەیی، ئەمەش بۆ پارێزگاریكردن لە یەكێتیی كۆمەڵگەو ریزەكانی، ئەو یاسایەش گەورەترین زەمانەتە بۆ پاراستنی ئایین لە قۆستنەوەو شێواندن لەلایەن هەندێك سیاسەتوان، لە هەمان كاتیشدا پاراستنی كۆمەڵگە لە پۆلێنكردنی ئایینی و مەزهەبی، كە هەڕەشە لە ئاشتیی كۆمەڵایەتیی دەكات، دواجار چۆن دەكرێ حزبی ئیسلامی لە وڵاتێكدا دابمەزرێت كە زۆرینەی رەهاكەی موسڵمان بن؟ ئامانج و مەرامی ئەمە چییە؟ ئایا دەتانەوێت موسڵمانان بكەنە ئیسلام، یان موسڵمانان لە پرۆژەیەكی ئایینی و تایفەگەری و ئایدیۆلۆجی تێوەبگلێنن؟ رەنگە پرسیار بكرێت كە ئایا لە ئەوروپا حزبی سیاسیی مەسیحیی نییە؟ ئەمە راستە، بەڵام جیاوازیی نێوانیان لەگەڵ حزبە ئیسلامییەكان ئەوەیە، كە حزبەكانی مەسیحیی دیموكراتی دەیانەوێت دەوڵەتێكی نیشتمانیی دیموكرات و مەدەنی دابمەزرێنن، نەك لەسەر بنەمای ئایینی مەزهەبی وەك ئەوەی حزبە ئیسلامییەكان.

حەوتەم: بۆچی ئیسلامییەكان لە كوردستان دەستبەرداری پڕۆژەی ئەیدیۆلۆجییان نابن كە لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیدا شكستی هێناوە؟ ئەزموونێكی سەركەوتووی ئیسلامیم لە وڵاتێك پیشان بدەن، لە میسر و عێراق و جەزائیر و تونس و ئەفغانستان و وڵاتانی دیكە شكستی هێناوە، ئەگەر پێشمان بڵێن ئەدی ئەزموونی حزبی دادو گەشەپێدان لە توركیا؟ دەڵێیم: ئەوەیان بەتەواوی ئەزموونێكی ئیسلامی نییە، بەڵكو ئەزموونێكی عەلمانییە بە شێوازێكی هێمنانە، من بە عەلمانیی بڕوادار ناوی دەبەم، بە هەمان شێوە لە مالیزیاو ئەندەنوسیا، تەنانەت لە تونس حزبی نەهزەی ئیسلامی (لقی ئیخوان موسلمین) بەسەرۆكایەتیی راشد غەنووسی نەیتوانیوە ئەزموونی ئیسلامی جێبەجێ بكات، بۆیە گوتوویەتی: عەلمانییەت دژی ئایین نییە.

وا بزانم كاتی ئەوە هاتووە ئیسلامی كوردستان بەخۆیاندا بچنەوەو واز لە پڕۆژەی ئەیدیۆلۆجییان بهێنن، كە خزمەتی ئایین و دنیا ناكات، بەپێچەوانەوە پڕۆژەیەكە هەڕەشەیە بۆسەر دەوڵەتی نیشتمانی و بنەماكانی دیموكراسی و شارستانی، ئەگەر هەوڵیان بدایە حزبی نیشتمانی نەك ئایین دابمەزرێنن، ئەوكات ئاساییە كە هەموو ئەندامەكان دینداربن، ئەگەر بە راستی دەیانەوێت خزمەتی كوردستان بكەن و پێشی بخەن، بەڵام ئەگەر بیانەوێت بەرژەوەندییە حزبی و سیاسییەكانیان وەدی بێنن ئەوا واز لە پڕۆژەكەیان ناهێنن، چونكە ئەمە خۆكوشتنی سیاسی و كۆمەڵایەتییە، زۆر لە سەركردەو بیرمەندانی ئیسلامی سیاسی دەستبەرداری ئەم پڕۆژە ئایدیۆلۆجییە بوون، ئێستا بیرمەندی ئازادن، یان هاتوونەتە نێو حزبە نیشتمانی و مەدەنی و دیموكراسییەكان، لەبەر كەمیی كات نەبوایە لیستێكی دوورودرێژم بە ناویان بڵاودەكردەوە.

**ئیسلامییەكان تەنانەت لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستانیشدا نەیانتوانی بە یەك لیست بەشداربن، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە كە ئیسلامی سیاسی پرۆژەیەكی ئایدیۆلۆجییە و بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێكی نیشتمانی كە خزمەتی كۆمەڵگە بكات ناگونجێت**

**چۆن دەكرێ حزبی ئیسلامی لە وڵاتێكدا دابمەزرێت كە زۆرینەی رەهای موسڵمان بن؟ ئامانج و مەرامی ئەمە چییە؟ ئایا دەتانەوێت موسڵمانان بكەنە ئیسلام، یان موسڵمانان لە پرۆژەیەكی ئایینی و تایفەگەری و ئایدیۆلۆجی تێوەبگلێنن؟**

**كاتی ئەوە هاتووە ئیسلامیی كوردستان بەخۆیاندا بچنەوەو واز لە پرۆژەی ئەیدیۆلۆجییان بهێنن، كە خزمەتی ئایین و دنیا ناكات**



مەحموود ڕەش

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەگەر پەکەکە هەوڵی تێکدانی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بدات، دژایەتیی هەموو کورد دەکات

**ئەو کەشە ئارام و سەقامگیرەی هەرێمی کوردستان کە حکومەت و پەرلەمان دابینیان کردووە، بۆتە جێگەی هیواو ئومێد بۆ هەموو کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان کە ئازادانە لەم بەشە ئازادەی کوردستان هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکەن، لەناو تێکڕای حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیشدا بێجگە لە پەکەکە، هەموویان پشتگیریی لە مانەوە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان دەزانن، ئەمەشیان بە کردەوە سەلماندووە، ئەوجا وەك چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان شان بە شانی شەڕڤانان چووە کۆبانێ و لە یەك سەنگەردا لە ڕۆژئاوا کۆبانێ ئازاد کرایەوە، بە هەمان شێوە لە باشووریش حزبە سیاسییەکانی کوردستان (بێجگە لە پەکەکە) شان بەشانی پێشمەرگە لە سەنگەری مقاوەمەتدا بەرگرییان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام بەداخەوە پەکەکە لە کاتی شەڕی داعش سەرچاوەی نائارامی و تێکدانی ڕێزی خەڵك بوو، ئێستاش کە شەڕی داعش کۆتایی هاتووە و هەرێمی کوردستان بەرەو ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، جارێکی دیکە پەکەکە هەوڵی تێکدانی سەقامگیریی باشوور دەدات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕەفتارانەی پەکەکە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ مەحموود ڕەش سیاسەتمەدار و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی پەکەکە ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دایەوە.**

*** بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە تورکیا بوونی هەیە، هەست دەکرێت کوردانی باکووری کوردستان نیگەرانن، لە ئێستای خوێندنەوەت بۆ ڕەوشی کورد لە تورکیا چۆنە؟**

- بارودۆخی کوردستان لە باکوور جیا لەوەی ئاڵۆزە لە هەمانکاتدا گوشارێکی زۆریشی لەسەرە، بۆیە دەکرێ بڵێم لە ئێستادا ئاسۆی هیچ دەسنکەوتێك بۆ ئەوان دیار نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەلایەك حکومەتی تورکیا گوشارێکی زۆر دەکات و لەلایەکی دیکەش هیچ پارت و هێزێکی ئەوتۆ لە گۆڕەپانی سیاسیدا نین کە بتوانن ئومێدێك بۆ میللەت دروست بکەن، ئەمەش وایکردووە کوردانی باکوور لەناو کێشەگەلێکدا بژین. بەشێوەیەکی گشتی خەڵك گلەیی و گازندەی زۆرە، بۆیە هەتا ئەو هێزە سیاسییە لە گۆڕەپانی سیاسیی باکوور دەرنەکەوێت و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی روون و شەفافدا هەوڵ نەدات ریزەکانی خەڵك ڕێکبخاتەوە، ئەوا زۆر زەحمەتە زەمینە بۆ هیچ دەستکەوتێك بێتەئاراوە، لەوانەیە هەندێك باس لەو پارت و لایەنە سیاسییە کوردییانە بکەن کە ئێستا لە تورکیا بە حیساب نوێنەرایەتیی کورد دەکەن، بەڵام ئەم لایەنانە راستە لە پەرلەمان و شارەوانییەکان کورسی وەردەگرن، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ لە بارودۆخی میللەتەکە بگۆڕن، هەر بۆیەشە گۆڕینی ئەم واقیعە پێویستە و هەر لایەنێکی سیاسییش بیەوێت ئەو گۆڕانکارییە دروست بکات، ئەوا دەبێت بەرنامەیەکی نەتەوەیی راشکاوانەی هەبێت و بەو بەرنامەیە رووناکییەك بۆ میللەت دروست بکات، بۆ ئەوەی میللەت بتوانێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو رووناکییە هەنگاو هەڵبگرێت و هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بدات. لایەنێکی دیکە کە ئەویش بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە کەس نازانێت دەبێت لەم بارودۆخەدا چی بکات. بە شێوەیەکی گشتی کوردانی باکوور گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی ئەوان بە چەك چارەسەر ناکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەکەکە شەڕی خەندەقی بردە ناو شارەکان و لەئاکامدا ماڵکاولییەکی زۆری خستەوە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی میللەت نارەزایی دەرببڕێت، هەر ئەوەش وایکردووە ئێستا هەست دەکرێت بۆشاییەك هەیە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پێویستی بە بوونی ئەلتەرناتیڤێکە کە بتوانێت دووبارە بە بەرنامەیەکی راشکاوانە متمانە لای میللەت دروست بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا هەن، نەیانتوانیوە ببنە ئەو بەدیلە

> **کوردانی باکوور گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی ئەوان بە چەک چارەسەر ناکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەکەکە شەڕی خەندەقی بردە ناو شارەکان و لەئاکامدا ماڵکاولییەکی زۆری خستەوە**

و بەرنامەیەکی راشکاوانەی ئەوتۆیان هەبێت کە میللەت متمانەی پێ بکات.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە کوردانی باکوور گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەکەیان بە چەك چارەسەر ناکرێت، بەڵام وا دەردەکەوێت پەکەکە نایەوێت لەم پەیامەی خەڵکی باکوور تێبگات. بۆچی پەکەکە پێداگری لەسەر رێکارێك دەکات کە سەرەنجام دەبێتە مایەی کێشە و ماڵکاولی بۆ کوردستان؟**

- پەکەکە ئایدیۆلۆژیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەویش چەپگەراییە، چەپگەراییش پەیوەندی بە نەتەوایەتییەوە نییە و بەپێی بەرژەوەندی ئەو ئایدیۆلۆژیەتە چەپگەراییە سیاسەت دەکات، مێژووی چەپگەرایی لە هەموو جیهان ئاشکرایە، هەر بۆ نموونە لە رووسیا گەیشتە دەسەڵاتیش، بەڵام سەرەنجام شکستی هێنا، لە ئێستاشدا کە خەباتی سیاسی لە کوردستاندا پێویستی بە بیری نەتەوەیی هەیە، ئەوا چەپگەرایی لەگەڵ ئەم واقیعەی ئێستادا یەك ناگرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان پێویستی بە بیری نەتەوەیی هەیە، لەسەرینی ئەم پێداویستییە نەتەوەییەوە گەلی کوردستان داوا دەکات کە بە رێگەچارەی سیاسی دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بدۆزرێتەوە، پەکەکە لەگەڵ ئەم ئاراستەیە ناگونجێت و نایەوێت رێگەچارەیەکی سیاسی بگرێتەبەر، ئەوان دەڵێن ئەردۆگان دوژمنە و ناکرێت بە چارەسەری ئاشتییانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، باشە گریمان ئەردۆگان دوژمنە، بەڵام ئێستا کورد ٦٠-٧٠ پەرلەمانتاری هەیە، با ئەم پەرلەمانتارانە لە پەرلەمانی دوژمنەکەت خەباتی سیاسی بکەن، پێشتر لە ساڵانی ٧٠ و ٨٠کانی سەدەی رابردوو گەلی کوردستان ناچاربوو پەنا بۆ خەباتی چەکداری ببات، بەڵام پەکەکە دەبێت ئەوە بزانێت کە ئێستا ساڵی ٢٠١٩یە، بەرامبەرەکەت سوودێکی هێجگار زۆری لە تەکنەلۆژیای پێشکەتوو وەرگرتووە و خاوەنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانە کە دەتوانێت هەموو شتێك ئاشکرا بکات، لەبەرامبەریشدا پەکەکە دەبێت ئەوە بزانێت کە لە بەرامبەر ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە سەربازییەدا، تەنیا چەکی تەقلیدی هەیە، بۆیە لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەکدا بوار بۆ بەرامبەر دەرەخسێت کە هەموو جۆرە چەکێك بە کار بهێنێت و کارەسات و ماڵکاولی بۆ میللەت دروست بکات، بۆیە گرنگە پەکەکە هەوڵبدات کە رێگری بکات لەوەی بەرامبەرەکەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەکار بهێنێت، بۆ ئەمەش دەبێت پەنا بەرێتەبەر خەباتی سیاسی و پەرلەمانی و لە رێگەی پەرلەمانتارە کوردەکانەوە لەناو پەرلەمانی تورکیا راشکاوانە باسی کێشە و گرفتی خەڵکی کوردستان بکات و رای گشتی لەسەر بجووڵێنێت. کە ئەم رێگەی هەڵبژارد و کۆتایی بە شەڕی چەکداری هێنا، ئەمە وەك ئەوەیە کە هەموو چەکە پێشکەوتووەکانی تورکیای پەکخستبێت.

**پەکەکە ئایدیۆلۆژیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەویش چەپگەراییە، چەپگەراییش پەیوەندی بە نەتەوایەتییەوە نییە و بەپێی بەرژەوەندی ئەو ئایدیۆلۆژیەتە چەپگەراییە سیاسەت دەکات**

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شەڕە بێ ئاکامەکانی پەکەکە لە باکوور، ئاشکرایە پێش ئەوەی پەکەکە شەڕی خەندەق لە شارەکانی باکوور دروست بکات، کورد بە رێگەی هەڵبژاردن زیاتر لە ٨٠ کورسیی پەرلەمانی تورکیای بردەوە، بەڵام هەدەپەش نەیتوانی ئەو بارودۆخە بقۆزێتەوە و ئاراستەی خەباتی سیاسی بخاتەوە سەر رێچکەی خۆی، ئایا بۆچی هەدەپە ئەو دەرفەتەی نەقۆستەوە؟**

- هەدەپەش هەر دروستکراوی پەکەکەیە، وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لەدەرەوەی ئەوان هێزێکی ئەلتەرناتیڤ نییە کە بتوانێت ئاراستەکە راست بکاتەوە، چەند هەوڵێك هەبوون، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە هەتا هەدەپەش دەستبەرداری چەپگەرایی نەبێت و نەگەڕێتەوە بۆ بیری نەتەوەیی، ئەوا ناتوانرێت ئەو ئاراستە خراپە راست بکرێتەوە.

**باشووری کوردستان بۆتە چەترێک و هەموو کورد لە ژێر سێبەری ئەم چەترە هەست بە ئارامی دەکات، بۆیە پێویستە هەر کوردێک پشتگیری لەم هەرێمە بکات و بیپارێزێت**

*** دیارە پەکەکە هەر بۆ باکوور نەبۆتە کێشە، ئێستا باشووری کوردستان کە خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی خۆیەتی، کەچی پەکەکە هەوڵی تێکدانی دەدات و هێزێکی بە ناوی جەوهەری پاراستنی باشووری کوردستان دامەزراندووە و بە حیسابی خۆی دەڵێت ئێمە باشوور رزگار دەکەین، ئایا ئەم بەشە ئازادە لە دەستی کێ رزگار دەکەن؟**

- ئەم بەشە ئازادەی کوردستان (هەرێمی کوردستان) سەروەرییەکی گەورەیە بۆ هەر

چوار پارچەی کوردستان و بەشێکی ئازاد و دیموکرات و سەربەخۆی کوردستانە و باشووری کوردستان بۆتە چەترێك و هەموو کورد لە ژێر سێبەری ئەم چەترە هەست بە ئارامی دەکات، بۆیە پێویستە هەر کوردێك پشتگیری لەم هەرێمە بکات و بیپارێزێت، لە هەمانکاتدا ئەم بەشە ئازاد و سەربەخۆیە وەك پشتیوانییەك وایە بۆ پارچەکانی دیکەش بۆ ئەوەی خەباتی سیاسی بکەن و هەوڵبدەن بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. ئاشکرایە لەم چوارچێوەیەشدا مەیدانی راستەقینەی خەباتی پەکەکەش دیارە کە باکووری کوردستانە و دەبێت پەکەکە لە باکوور بوونی هەبێت و خەبات بۆ ئەو ئامانجە بکات، بەڵام بەداخەوە پەکەکە لە بری ئەوەی جەخت لەسەر مەیدانی راستەقینەی خەباتی خۆی بکاتەوە، هاتووە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش حزبی پاشکۆی خۆی دروست کردووە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: پەکەکە بۆچی حزب بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان دروست دەکات؟ راستە دەبێت هەر حزبێکی سیاسی لە هەر پارچەیەك بێت، هاریکار و یارمەتیدەری حزبەکانی پارچەکانی تریش بێت، بەڵام دەستێوەردان و ئاژاوە دروستکردن کە پەکەکە دەیکات کارێکی باش نییە، هەر بۆ نموونە لەم بەشەی کوردستان (هەرێمی کوردستان) دەسەڵاتێکی کوردانە هەیە، خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆمانین، بەشێوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییانە لە سەر رێبازی نەمران شێخ عەبدولسەلام بارزانی و مەلامستەفا و ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی بە باشترین شێوە هەرێمەکە بەڕێوەدەبەن، ئایا ئەمە چ لۆژیکێکە کە پەکەکە هێزی جەوهەری پاراستنی باشوور دروست دەکات و دەیەوێت کێشە و ئاژاوە و ئاستەنگ لەم هەرێمەدا بخوڵقێنێت؟ لەسەر ئەم پرسە من وای دەبینم هەر کوردێك بیەوێت ئاستەنگ بۆ حکومەتی کوردستان دروست بکات و کەشی سەقامگیریی هەرێمەکە بشێوێنێت، من وەك دوژمنی کوردستان و دوژمنی نەتەوە سەیری دەکەم، بۆیە گرنگە پەکەکە بە خۆداچوونەوە بکات و دەبێت بزانێت لە مەیدانی راستەقینەی خەباتی خۆی لە باکوور دەبێت بوونی هەبێت و هەموو هێز و توانای خۆی بخاتەکار بەرامبەر بە دوژمن و هەوڵبدات میللەتی خۆی بپارێزێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەمە نەکات، ئەوا دەبێتە حزبێکی لادەر و دژ بە پرسی نەتەوایەتیی کورد و کوردستان.

**پەکەکە لە بری ئەوەی جەخت لەسەر مەیدانی راستەقینەی خەباتی خۆی بکاتەوە، هاتووە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش حزبی پاشکۆی خۆی دروست کردووە**

*** تاچەند ئەم هەوڵانەی پەکەکە لە رووی پراکتیکەوە دەبنە هەڕەشەی جددی لەسەر ئارامیی هەرێمی کوردستان؟**

- پەکەکە وەك هێزێك کە ساڵانێکی درێژە بەردەوام شەڕی چەکداری کردووە، لەو بوارەدا ئەزموونی هەیە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی هەڵە و شەڕە بێ ئاکامەکانی ئەو ئەزموونەی لەدەست داوە و ئێستا ئەو هێزەی پێشانی نەماوە، لەلایەکی دیکە پێشتر لەناو پەکەکە خەڵکانی نەتەوەیی زۆر بوون، ئەوان لە پێناوی ئامانجی نەتەوەدا شەڕیان دەکرد و خۆیان بە کوشت دەدا، ئێستا ئەو خەڵکانە لەناو پەکەکە نەماون، بۆیە ئێستا بارودۆخی پەکەکە زۆر ئاڵۆزە و ئەو توانایەی نەماوە کە گێچەڵی گەورە دروست بکات، هەروەها خەڵکیش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەوەی پەکەکە دەیڵێت گوایە لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە دەکات، ئێستا ئاشکرا بووە کە پەکەکە دژی هەموو خەڵکی کوردستان دەیەوێت ئاژاوە و گێچەڵ دروست بکات. لە هەرێمی کوردستان بێجگە لە پارتی چەندین حزبی دیکەی سیاسی هەن کە بەشێکیان لە حکومەت بەشدارن و بەشێکیشیان لەناو پرۆسە سیاسییەکەدان، بۆیە کاتێك پەکەکە دەڵێت من باشوور رزگار دەکەم، واتە دژایەتیی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکات، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم بەشە ئازادەی کوردستان بۆتە جێگەی ئومێد بۆ هەموو کورد، ئەوا کاتێك پەکەکە دژایەتیی ئەم بەشە دەکات واتە دژایەتی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات. هەر بۆ نموونە راستە من لە باکوورەوە هاتووم و ئێستا لە باشوور نیشتەجێم، بەڵام ئەگەر فیکر و بۆچوونی من نەتەوەیی نەبوو، ئایا چ ئایندەیەکم دەبێت؟ یان تۆ چۆن دەتوانیت بڵێیت من کەسێکی نەتەوەییم؟ بێگومان ئەو کاتە کەسێك بە نەتەوەیی هەژمار دەکرێت کە قسەو کردارەکانی سەلمێنەری بیری نەتەوەیی خۆی بێت.

**هەر کوردێک بیەوێت ئاستەنگ بۆ حکومەتی کوردستان دروست بکات و کەشی سەقامگیریی هەرێمەکە بشێوێنێت، من وەک دوژمنی کوردستان و دوژمنی نەتەوە سەیری دەکەم**

*** هەر سەبارەت بەم پرسە ماوەیەك لەمەوپێش**

**پەکەکە وەک هێزێک کە ساڵانێکی درێژە بەردەوام شەڕی چەکداری کردووە، لەو بوارەدا ئەزموونی هەیە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی هەڵە و شەڕە بێ ئاکامەکانی ئەو ئەزموونەی لەدەست داوە و ئێستا ئەو هێزەی پێشانی نەماوە**

**پێشتر لەناو پەکەکە خەڵکانی نەتەوەیی زۆر بوون، ئەوان لە پێناوی ئامانجی نەتەوەدا شەڕیان دەکرد و خۆیان بە کوشت دەدا، ئێستا ئەو خەڵکانە لەناو پەکەکە نەماون**

**تەنیا کەسانی بێ ئاگا وابیردەکەنەوە کە پەکەکە تەنیا دژایەتیی پارتی دەکات، پەکەکە دژایەتیی میللەتی کورد دەکات، چونکە پارتی، پارتێکی بچکۆلە، یان گرووپێک نییە، بەڵکو میللەتێکی لەپشتە**

**یەکێک لە بەرپرسەکانی پەکەکە گوتی، ئەگەر ئێمە لە خۆشیدا نەبین، ئەوان ناهێڵین باشووریش سەقامگیر بێت، ئایا مەزندە دەکرێت ئەمە قسەی بەرپرسێك بێت کە بە حیساب بڵێت خەبات بۆ کوردستان دەکەم؟**

- ئەم ئاخاوتنە، ئاخاوتنی عەباسە کە ئێستا بۆتە (دۆران قالقان)، بە راستی ئاخاوتنێکی زۆر هەڵەیە و هەموو کوردێك دژی ئەو ئاخاوتنەیە. من لەو باوەڕەدام فیکری ئەوان لە نەتەوایەتی دوور کەوتۆتەوە، ئەگەر وا نەبێت، تەنیا چیایەك، یان بن بەردێك لە کوردستان ئازاد بکرێت، ئەرکی هەر کوردێکە بیپارێزێت. باشە ئەگەر خەبات بۆ ئازادیی کوردستان نەبێت، ئەی لە پێناوی چی خەبات دەکەن؟ ئێستا ئەگەر پەکەکە بتوانێت باکوور رزگار بکات، ئایا دەبێت کورد پشتیوانی بکات، یان لە دژی رابوەستنەوە؟ بەڵام هەموو ئازادکردنێك قوربانیدانی دەوێت، ئەم بەشەی کوردستان کە ئازاد بووە، خەڵکەکەی لە پێناویدا کارەساتی ئەنفال و کیمابارانی بینیوە بە سەدان هەزار قوربانی بۆ داوە و هەروا لە خۆڕا نەهاتۆتەئاراوە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەم هەڵوێستەی ئێستای پەکەکە هەڵوێستێکی نانیشتمانییانەیە، چونکە خواستی هەموو کوردێك ئەوەیە بستێکی خاکی کوردستان ئازاد بکرێت، ئەم بستە خاکەش بە شەهادەت ئازاد دەکرێت، ئەو خوێنەی رژاوە، بۆ ئازادیی کوردستان بووە، ئەوەی دژی ئەمە بێت، کارێکی هەڵە دەکات.

*** بەڵام ئێستا کە پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەگێڕێت، زیاتر پەیامەکانی پەکەکە وەك ئەوەیە ئاراستەی پارتی بکرێت، ئایا ئەمە لە پێناوی چیدا دەکەن؟**

- من پێموایە تەنیا کەسانی بێ ئاگا وابیردەکەنەوە کە پەکەکە تەنیا دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، پەکەکە دژایەتیی میللەتی کورد دەکات، چونکە پارتی، پارتێکی بچکۆلە، یان گرووپێك نییە، بەڵکو میللەتێکی لەپشتە و پارتی و میللەت بوونەتە یەك، ئەم پارتە درێژەپێدەری ئەو رێبازەیە کە لە (شێخ عەبدولسەلام بارزانی)یەوە سەرچاوەی گرتووە و ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ئەم بنەماڵەیە



(ماڵباتی بارزانی) ٣-٤ پشتیان لە پێناوی ئەم رێگەیەدا کردۆتە قوربانی و نەوە لەدوای نەوە هێناویانە و لەسەردەستی بارزانیی نەمر بۆتە فیکرێکی کوردستانی و ئێستاش لە سایەی سەرۆك مسعود بارزانی درێژەی هەیە و بەرەوپێشەوە دەبرێت، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایە بێت، رێز لە خەباتی ئەم ماڵباتە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرە بگرێت و شانازییان پێوە بکات، هەر بۆیە کاتێك پەکەکە دەیەوێت بەوجۆرە ئاخاوتن بدات کە تەنیا دژایەتیی پارتی دیموکراتی



کوردستان دەکات، ئەوا راست نییە و دژایەتیی هەموو نەتەوەی کورد دەکات.

*** سەبارەت بە رۆژئاوای کوردستان، دیارە پەیەدە وەك پاشکۆی پەکەکە لە قەڵەم دەدرا، بەڵام ئێستا باس لەوە دەکرێت کە پەیەدە بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆی بڕیار دەدات و وەك پێشان لەژێر هەژموونی پەکەکەدا نییە، ئایا تاچەند پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکەیت؟**

- راستە پەیەدە، دروستکراوی پەکەکەیە، لە هەموو رۆژئاواش (کۆبانێ، عەفرین، جەزیرە) پەیەدە هەر درێژەپێدەری سیاسەتی پەکەکە بووە، بەڵام لە ئێستادا خەڵکی رۆژئاوا زیرەکن و بەپێی بارودۆخەکە هەنگاو هەڵدەگرن، بۆیە ئەگەر بڵێین پەیەدە لە پەکەکە جیا بۆتەوە و ئێستا خۆی بە سەربەخۆیی بڕیار دەدات، بە بۆچوونی ئەمە راست نییە، هەروەها ئەگەر بڵێین هەر گرێدراوی ئەوانن، ئەویش بەوجۆرە نییە، لە ئێستادا کە هێزەکانی ئەمریکا لەوێن، هەوڵێکی وا هەیە کەوا پیشان بدەن، خۆیان بڕیاری خۆیان دەدەن، بەڵام لە بنەڕەتیشدا هیچ شتێکی وا نەکراوە کە بڵێن لە پەکەکە جیا بوونەتەوە.

# ئازادی بەخششێکی خوداییە، لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا دێتە بوون

بیست و سێی ئابی هەموو ساڵێك، لە جیهاندا یادی رۆژی نێودەوڵەتیی (یادکردنەوەی قوربانیانی بەکۆیلەکردن و بازرگانیکردن بەکۆیلەکان) دەکرێتەوە، دیاریکردنی ئەم رۆژەش بەپێی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە لە ١٧ دێسەمبەری ساڵی ٢٠٠٧ دەریکرد، وەك تەواوکردنێك بۆ رۆژی نێودەوڵەتیی هەمان بۆنە کە لەلایەن رێکخراوی یۆنسکۆوە درابوو.

هەڵبژاردنی ئەم رۆژەش وەك رێزلێنانێك بوو بۆ شۆڕشی کۆیلەکان کە لە دورگەی سانت دۆمینیکۆی فەرەنسی و هایتییەوە لە مانگی ئابی ساڵی ١٧٩١ سەریهەڵدا.

جێگەی خۆیەتیی لێرەدا ئاماژە بە چەند راستییەکی ئایینییش بکەین، کە لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە هانی خەڵکی داوە بۆ کۆتاییهێنان بە دیاردەی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ.

خودای گەورە بۆ کۆتاییهێنان بە دیاردەی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ، لە سەرەتاوە رزگارکردنی مرۆڤەکانی مەبەست بووە لە کۆیلایەتی، بۆیە دەبینین لە قورئاندا چەندین هەڵەو گوناه دێنەباسکردن، کە پاکبوونەوە لەو هەڵە و گوناهانە لە رێگەی ئازادکردنی کۆیلەکانەوە بووە.

قورئانی پیرۆز لە زۆر جێگەدا لە کاتی ئەنجامدانی هەندێك هەڵەدا لەلایەن مرۆڤەوە، بۆ پاکبوونەوە لەو هەڵانە، بە مرۆڤی هەڵەکار دەڵێت: کۆیلەیەك ئازاد بکە، بۆ نموونە:

یەکەم: لە کاتێکدا کەسێك بە هەڵە کەسێکی دیکەی دەکوشت، خودای گەورە بۆ ئەوەی لە تاوانبار خۆش بێت، وێڕای قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری زیانلێکەوتوو، داوا لە تاوانبار دەکات، بچێت کۆیلەیەکیش ئازاد بکات. ئیمامی نەسەفی لە تەفسیری ئایەتەکەدا قسەیەکی زۆر جوانی کردووە، دەڵێت: ئەگەر بەهەڵە کەسێکت کوشت، خودا کاتێك لێت خۆش دەبێت کە زیندووی بکەیتەوە، دیارە کە ناتوانیت زیندووی بکەیتەوە، بۆیە لەبری ئەمە خودا دەفەرموێت: بڕۆ کۆیلەیەك ئازاد بکە. ئیمامی نەسەفی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

دەڵێت: ئەوە وەك ئەوە وایە گیان بکەیتەوە بە جەستەی مردووەکەدا.

لەم قسەیەی پێشەوە و بەم شیکردنەوەیە هاوکێشەیەکمان دەستدەکەوێت کە پێمان دەڵێت: ئازادی یەکسانە بە ژیان، چونکە ئازادکردنی کۆیلەیەك، یەکسان بوو بە گیانی مردوویەك.

دووەم: حاڵەتێکی دیکە، کاتێك کەسێك سوێندێك دەخوات، بۆ نموونە: دەڵێت سوێند بەخودا، یان سوێند بە قورئان ئەو کارە دەکەم، بەڵام دواتر ناتوانێت بیکات و سوێندەکەی ناباتەسەر، خودا چۆن لێی خۆش دەبێت؟

خودا داوای لێدەکات یەکێك لەم سێ کارە ئەنجام بدات: یان دەبێت کۆیلەیەك ئازاد بکات، یان (١٠) کەسی برسی تێر بکات، یان سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت.

ئەم نموونانە و هی دیکەش لە قورئاندا پێمان دەڵێن کە خودا زۆر مەبەستی بووە و مەبەستێتی کە کۆیلایەتی لە دنیادا نەمێنێت.

ئێمەی گەلی کوردستان لەیادکردنەوەی بۆنەیەکی جیهانیی وەهادا، پێویستە کارەساتی بەکۆیلەکردنی سەدان ئافرەت و منداڵی کوردانی ئێزدی زیندوو رابگرین و، دژایەتیی خۆشمان رابگەیەنین دژ بە گوفتار و ڕەفتارەکانی داعش کە لە سەدەی بیست و یەکدا دیاردەی بەکۆیلەکردنی مرۆڤی زیندوو کردەوە.

راستە داعش بۆ کردەوە قێزەونەکانی خۆی پشتی بە هەندێك لەو دەقانە دەبەست کە لەنێو هەندێك کتێبی کۆن و نوێی تەفسیر و راڤەی فەرموودەدا هەبوون، بۆیە لە ڕۆژی جیهانی و نێودەوڵەتیی یادکردنەوەی قوربانییانی بەکۆیلەکردن و بازرگانیکردن بە کۆیلەکانەوە، ئەرکی لەپێشینەی زانایانی موسڵمانە کە ئەو سەرچاوە و کتێبانە پاك بکەنەوە لەو قسە هەڵانەی کە تێیاندان، ئەگەرنا، ئەوە دەبێت چاوەڕوان بین کە داعش و هاوشێوەکانی لە رووی خراپ بەکارهێنانی هزری ئایینییەوە، بە زۆر جۆری دیکە لەوانەیە لە داهاتوودا دروست ببنەوە و دروست بکرێنەوە.

دیمانەی تایبەت



## تێد گەلێن کارپێنتەر

**توێژەری باڵا لە بواری دیراساتی سیاسەتی بەرگری و دەرەوە لە ئەنستیتیوتی کاتۆ بۆ گوڵان:**

# ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی ناواقیعبینییانەی لە ئاست کۆمەڵێک کێشەدا گرتۆتەبەر

تێد گەلێن کارپێنتەر توێژەری باڵایە لە بواری دیراساتی سیاسەتی بەرگری و دەرەوە لە ئەنستیتیوتی کاتۆ، پێشتریش لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ بۆ ١٩٩٥ بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی دەرەوە و جێگری سەرۆکی پرۆگرامی دیراساتی بەرگری و دەرەوە بووە لە هەمان ئەنستیتیوت، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ بۆ ٢٠١١، کارپێنتەر نووسەری ١٢ کتێب و موحەریری ١٠ کتێبە لەبارەی کاروباری نێودەوڵەتیی. هەروەها لە بواری سیاسەتدا نووسەری پتر لە ٨٠٠ وتار و توێژینەوەیە، کە زیاتر وتارەکانی لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرک تایمز، واشنتۆن پۆست، وۆڵ ستریت جۆرناڵ، لۆس ئەنجەلوس تایمز، فاینانشال تایمز، فۆرێز ئەفێرز، فۆرێن پۆلەسی و ناشناڵ ئینترێست بڵاو کراونەتەوە، هەروەها خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژووی دیپلۆماسی کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێرانەوە، لەگەڵ دوایین پەرەسەندن و پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بەم پرسە و تیشکخستنەسەر ئەگەرەکانی هەڵکشانی زیاتری ئەم ناکۆکیانە بە ئاراستەی ململانێی سەربازی، لەگەڵ ئەوەی تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێران ناچار بێت، سازش بکات لە بەرامبەر ئەو سزا و فشارە ئابوورییانەی کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی بۆتەوە، هەروەها پرسی بەکارهێنانی گوشارە ئابوورییەکان لەلایەن ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی.

*** هەروەك ئاشكرایە كە لەوەتەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە لەگەڵ ئێراندا كشاوەتەوە، پەیوەندییەكانی نێوان ئەمریكا و ئێران بەرەو بارگرژیی زیاتر چوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریكا سەرلەنوێ كۆمەڵێك سزای سەختی ئابووریی بەسەر وڵاتی ئێراندا سەپاندەوە، ئێوە چۆن لە بارودۆخەكە دەڕوانن و پێتان وایە هەلومەرجەكە بە چ ئاراستە و ئاقارێكدا دەڕوات؟**

- ئەوە ڕاستە کە لەوەتەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو بە ئاراستەیەکی خراپدا ڕۆیشتووە، هەر لەم ڕووەوە ئێمە دەتوانین بڵێین کە بڕیاری واشنتۆن بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا هەنگاوێکی تا بڵێی جێی داخ بوو، ڕوداوە سەربازییەکانی ئەم دواییە لە ناوچەی کەنداودا بە شێوەیەکی بەرچاو و دراماتیکی بوونەهۆی هەڵکشانی بارگرژییەکان، هەروەها سەپاندنی سزای نوێ لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە بەسەر ئێراندا بوونەتە هۆی ئەوەی هێندەی دیکە هێنانەدیی دەرئەنجامێکی ئاشتییانە و دیپلۆماتی کارێکی سەخت بێت.

*** ئێمە دەزانین كە ئێران وەك كاردانەوەیەك لەبەرامبەر كشانەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕێككەوتنەكە و سەپاندنەوەی سزا ئابوورییەكان، ڕایگەیاند كە هەنگاو بە هەنگاو پابەندبوونەكانی بەم ڕێككەوتنەوە كەم دەكاتەوە، پێتان وایە ئەم هەنگاوەی ئێران چ دەرئەنجامێكی لێ دەكەوێتەوە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بۆ سەرهەڵدانی ناكۆكی و پێكدادانی سەربازی سەربكێشێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەری ڕوودانی ناکۆکیی سەربازی لە ئێستادا زیاتر بووە، هەرچۆنێك بێت، زۆرجار سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ڕەفتاری

**سەپاندنی سزای نوێ لەلایەن ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپەوە بەسەر ئێراندا بوونەتە هۆی ئەوەی هێندەی دیکە هێنانەدیی دەرئەنجامێکی ئاشتییانە و دیپلۆماتی کارێکی سەخت بێت**

خۆزاڵکردن و ئیستفزازی دەگرێتەبەر بۆ زیادکردنی فشار لەسەر رکابەرەکانی بۆ ئەوەی ناچاریان بکات، بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەمە دەقاودەق ئەو ستراتیژیەتە بوو کە سەرۆك ترەمپ لە ئاست کۆریای باکوور گرتیەبەر، کە وا دەردەکەوێت تا رادەیەك ئەم ستراتیژیەتەش سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئەوەی پەیوەندیی هەبێت بە ئێرانەوە، ئەوا وا پێدەچوو کە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا باشترین رێککەوتنێك بێت کە لەو کاتەدا ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشبینی بەدیهێنانی بکەن، بەڵام پاشەکشەکردن لەو رێککەوتنە و ئومێدخواستن بەوەی تاران ناچار دەبێت خۆی رادەست بکات و «رێککەوتنێکی باشتر» قبووڵ بکات، کارێکی ناواقیعبینانە بوو. لەم روانگەیەوە پێم وایە ئەنجامدانی رێککەوتنێکی باشتر بێ ئەندازە ئەگەرێکی دوورە.

*** بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە کە لایەنێکی بەرچاوی ئەو ستراتیژیەتەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پیادەی دەکات، بریتییە لە بەکارهێنانی فشار و سزا ئابوورییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، بە تایبەتی لە ئاست ئێراندا، کە هەندێ کەس بە دیپلۆماسیەتی ناچارکردن ناوی دەبەن، بەڵام هەندێ کەس رەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەم رێگاچارەیە زیاتر ناچارکردن لەخۆ دەگرێت و کەمتر لایەنی دیپلۆماسی تێدا رەچاو دەکرێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە بوترێت ئەوەیە کە ئەگەرچی پێدەچێت ئەم ستراتیژیەتە سەرکەوتوو بووبێت لە ئاست کۆریای باکووردا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە ئاشکرایە کە زۆرێك لە وڵاتان لە ئاست ناچارکردن و هەڕەشەکردندا کاردانەوەیەکی باشیان نییە، ئەوەتا ئەم کاردانەوەیەمان نەبینی لەلایەن چینەوە، هەروەها رووسیا و ئێرانیش ئەم کاردانەوەیان نەبوو، ئەوەی پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا ئەو رێگاچارەیەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گرتوویەتەبەر، پتر ناچارکردنە وەك لەوەی دیپلۆماسی بێت، تەنانەت دەتوانم بڵێم کە لە باشترین حاڵەتدا ئەمە سیاسەتێکی ناکارا و کرچ و کاڵە و لە باشترین حاڵەتیشدا دژ و پێچەوانەی دیپلۆماسییەتە.

*** باشە ئەمریکا باس لەوە دەکات کە سزاکان لە دژی ئێران کاریگەر بوون و بوونەتە هۆی دروستکردنی دژواریی دارایی بۆ ئەو وڵاتە، پێت وایە کاریگەریی ئەم کێشە و دژوارییە داراییانە لەسەر ئێران چی دەبێت؟ ئایا لە کۆتاییدا دەبنەهۆی ئەوەی ئێران ناچار بێت، سازشی گەورە و ئازاربەخش بکات؟**

- ئێمە دەزانین کە سزاکانی پێشتر بە رادەیەکی گەورە کاریگەریی خراپیان لەسەر ئابووریی ئێران جێهێشت و سزا سەپێندراوەکانی ئەم دواییەش هێندەی دیکە دۆخەکەیان سەخت کردووە، بەڵام کاتێك مەسەلەکە بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییە نەتەوەییەکان و بە شکۆ و شانازی نەتەوەییەوە پەیوەست بێت، ئەوا حکومەت و کۆمەڵگەکان بەرگەی ئازار و نەهامەتییەکی زۆر دەگرن پێش ئەوەی ئاڵای سپی بەرز بکەنەوە. دەکرێت تاران بە ئەندازەیەکی کەم لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەوە سازش بکات، بەڵام ئەگەری ئەوە نییە سازشێکی گەورە لەسەر بڕگەکانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکات، کەواتە دەکرێت بوترێت ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ئێران خۆی رادەستی داخوازییەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بکات، تەنانەت ئەگەر تاران سەرلەنوێ سازش بکات، ئەوا هەرگیز گفتوگۆکارە ئێرانییەکان ناتوانن دڵنیا بن لەوەی جارێکی دیکە واشنتۆن سەقفی داواکارییەکانی بەرز ناکاتەوە.

*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپەوە لە ئاست ئێراندا، باس لەوە دەکرێت کە ئەم سیاسەتە دژیەکی لەخۆدەگرێت، لەبەر ئەوەی خودی سەرۆك ترەمپ پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی ئەنجامدانی رێککەوتن لەگەڵ وڵاتاندا بە هیچ مەرجێکی دیکەی وەك: پرسی مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکە گرێ نەدرێتەوە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیە جەخت لەسەر رێککەوتنێکی گشتگیر و هەمەلایەن لەگەڵ ئێران دەکاتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد

**ئەو رێگاچارەیەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گرتوویەتەبەر، پتر ناچارکردنە وەک لەوەی دیپلۆماسی بێت، واتە لە باشترین حاڵەتدا سیاسەتێکی ناکارا و کرچ و کاڵە و لە باشترین حاڵەتیشدا دژ و پێچەوانەی دیپلۆماسییەتە**

**کاتێک مەسەلەکە بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییە نەتەوەییەکان و بە شکۆ و شانازی نەتەوەییەوە پەیوەست بێت، ئەوا حکومەت و کۆمەڵگەکان بەرگەی ئازار و نەهامەتییەکی زۆر دەگرن پێش ئەوەی ئاڵای سپی بەرز بکەنەوە**

**ئێران نیگەرانیی ئەمنیی گەورەی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە هەوڵی عەرەبستانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی بۆ بەدەستهێنانی هەژمون و باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا**



ترەمپ بریتییە لە کۆمەڵێك دژیەکی و ناسازی کە لە ئاست ئێران و چەندین پرس و کێشەی دیکەدا هیچ خەسڵەتێکی واقیعبینانەی لەخۆ نەگرتووە، لە راستیدا زۆرێك لە رەفتارەکانی واشنتۆن رەفتاری ناکاملن.

*** بەڵام ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست وڵاتاندا تەنیا فشار و سزای ئابووری پیادە ناکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان هەوڵ دەدات پاڵنەر و هۆکاری ئابووریش بگرێتەبەر، وەك ئەوەی بەم دواییە لە ئاست کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل دا کرا، کە بە سەفقەی سەدە وەسفکرا، ئایا لێکدانەوە و شرۆڤەکاری ئێوە لەم رووەوە چییە ؟**

- پاڵنەری ئابووری خۆی لە خۆیدا گرنگە، بەڵام سەرۆك ترەمپ و سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا لە گرنگی و کاریگەرییەکانی پاڵنەرە ئابوورییەکاندا زیادەڕەوییان کردووە، ئێمە دەزانین ئێران نیگەرانیی ئەمنیی گەورەی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هەوڵی عەرەبستانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی بۆ بەدەستهێنانی هەژموون و باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا. رەنگە بارودۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتی ئیمارات لەو هاوپەیمانێتییەی کە سعودیە رێبەرایەتی دەکات و شەڕی لە یەمەندا هەڵگیرساندووە و مەیلی وڵاتی قەتەر بۆ هەبوونی پەیوەندی باشتر لەگەڵ ئێراندا. هەرچۆنێك بێت، نیگەرانییەکانی ئێران پتر پەیوەستە بە کێشە سەربازی و ئەمنییەکانەوە نەك بە پرسە ئابوورییەکانەوە. رەنگە هەڵگرتنی سزاکان و دووبارە پێشوازیکردنەوەی ئێران بۆ ئابووریی جیهان بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەنگاوێك بێت، کە سەرکردە ئێرانییەکان پێشوازی لێ بکەن، بەڵام ئەمە ئەو کاتە روودەدات کە واشنتۆن داوای ئەوە نەکات، کە تاران هەژمونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتی ئیسرائیل قبووڵ بکات.

پرۆفیسۆر ستیفن بلانک بۆ گوڵان:

# رووسیا هەوڵی لاوازکردن و لەرزۆککردنی سیستمی نێودەوڵەتی دەدات

ستیفن بلانك توێژەری باڵا بووە لە ئەنجومەنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە واشنتۆن دی سی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ٢٠١٣، لە ئێستادا پرۆفیسۆری دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی رووسی و کاروباری ئاسایشی نەتەوەییە لە ئەنستیتیوتی دیراساتی ئەمنی سەر بە کۆلێژی جەنگیی سوپای ئەمریکا، پێشتریش پرۆفیسۆری مێژووی رووسیا بووە لە زانکۆی تێکساس و سان ئەنتۆنیۆ. ستیفن بلانك خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژووی رووسیا کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە پتر پەیوەست بوون بە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی رووسیاوە، لەو رووەوە کە لە ئێستادا خەسڵەت و سروشتی ئەم پەیوەندییانە چین و ئایندە و پاشەڕۆژی چۆن دەبێت.




*** وەك كەسێكی شارەزای كاروباری رووسیا لە ئێستادا چۆن لە پەیوەندییەكانی نێوان رووسیا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا -وەك دوو هێزی گەورەی جیهانی- دەڕوانیت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەكرێت پەیوەندییەكانی نێوان رووسیا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە پەیوەندییەكی پڕ لە كێشە و دوژمنكاری وەسف بكەین، واتە لە ئێستادا هەردوو حكومەتەكە وەك دوژمن وەسفی یەكتر دەكەن و هیچ گومان هەڵناگرێت كە رووسیا پێی وایە لە شەڕێكی سیاسیدایە لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا، هەرچەندە من دڵنیا نیم كە ئەمە بۆچوون و تێڕوانینی تێكڕای ئیدارەی ئەمریكاش بێت لە ئاست رووسیادا، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێ كرد ئەمە تێڕوانینی مۆسكۆیە بێ هیچ پێچ و پەنایەك.

*** ئەی باشە دەرئەنجام و دەرهاویشتەكانی ئەم ململانێ و پەیوەندییە دوژمنكارییانەی نێوان ئەم دوو هێزە گەورەیە لەسەر ئاستی جیهان و لەسەر كاروبارە نێودەوڵەتییەكان چی دەبێت؟**

- نكۆڵی لەوە ناكرێت كە ئەم جۆرە پەیوەندییەی نێوانیان كاریگەری دەبێت لەسەر جیهان، ئەوەتا دەبینین رووسیا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە نزیكەی تێكڕای كاروبارە نێودەوڵەتییەكاندا بۆچوونی پێچەوانە و دژبەیەكیان هەیە. لەلایەكی دیكەوە دەبینین رووسیا زیاتر و زیاتر هەوڵی لاوازكردن و لەرزۆككردنی سیستمی نێودەوڵەتی دەدات، ئەویش لە پێناو ناچاركردنی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ ئەوەی بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ رووسیادا بكات كە دەیەوێت.

*** كەواتە دەكرێت ئێمە ئۆباڵی بەرپرسیارێتیی ئەم پەیوەندییە خراپانە بخەینە ئەستۆی رووسیا؟**

**رووسیا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە نزیكەی تێكڕای كاروبارە نێودەوڵەتییەكاندا بۆچوونی پێچەوانە و دژبەیەكیان هەیە**

**رووسیا سوودمەند دەبێت لە ئاڵۆزبوون و دروستبوونی گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیادا**

**بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕەوانەکردنی هێز بۆ وڵاتی پۆڵەندا و شوێنەکانی دیکەی ئەوروپا دەقاودەق بەهۆی سیاسەتە دوژمنکارییەکانی رووسیاوە بووە**

**زۆرێک لە کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر دەکران ئەگەر رووسیا بە گیانی هاوکاریکردنەوە مامەڵەی بکردایە، بەڵام هەروەک سەرۆک ریگان دەیوت سەمای تانگۆ پێویستی بە دوو کەسە و رووسیاش نایەوێت ئەو سەمایە بکات**

- ئێمە دەتوانین بڵێین کە هەردوولا هەڵەیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە کێشە سەرەکییەکە بریتییە لە سروشتی سیستمە سیاسییەکەی رووسیا کە وەك دوژمن لە هەموو لایەك دەڕوانێت و بەردەوام راوێژکارەکانی سەرۆك ڤلادمیر پوتینیش پێی رادەگەیەنن کە ئەمریکا هێزێکی دوژمنکارە. کەواتە بەڵێ، من پێم وایە بەشێکی سەرەکیی ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی رووسیا.

*** دەوترێت تەوەر و چەقی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی نێودەوڵەتیی ئەم وڵاتە، یان بەدەستهێنانی پێگە و مەکانەتێکی بەرچاو لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەمە راستە، چونکە رووسیا دەیەوێت لەلایەن جیهانی دەرەوە، واتە وڵاتە دەرەکییەکانەوە وەك هێزێکی نێودەوڵەتیی نوێ لێی بڕواندرێت، بەڵام من پێم وایە ئەولەوییەت و ئامانجی لەپێشتریان بریتییە لە پاراستنی دەسەڵاتی ڤلادمیر پوتین و سیستمی حوکمڕانی لەو وڵاتەدا.

*** ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین سزای ئابووری بەسەر رووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن شرۆڤەکاری دەکەن بۆ کاریگەریی ئەم سزایانە لەسەر ناچارکردنی رووسیا بۆ گۆڕینی هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی؟**

- لە راستیدا ئەمە ئامانجی راگەیاندراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا بووە لەو سزایانەی کە سەپاندنیان بەسەر رووسیادا، من دڵنیا نیم لەوەی ئەم سزایانە توانیبێتیان هەڵسوکەوتی رووسیا بگۆڕن، بەڵام سەرکەوتوو بوون لە سنووردارکردن و کەمکردنەوەی بژارەکانی، واتە ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی رووسیا کەمتر دوژمنکار بێت. هەر چۆنێك بێت پێم وایە پێویستە کاری زیاتر ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی رووسیا تێبگات کە رەفتارەکانی قابیلی قبووڵکردن نین.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین ئەم سزایانە نەیانتوانیوە دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە، چونکە هەڵەیە پێت وابێت سزاکان بە تەنیا سەردەکێشن بۆ گۆڕینی رەفتاری ئەو وڵاتە، بەڵام کاریگەرییەکەی ئەوە بوو کە بارگرانییەکی زۆری لەسەر ئابووریی رووسیا دروست کردووە، هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو بۆتە هۆی سنووردارکردنی بژارەکانی رووسیا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە و لە رووی سەربازییشەوە. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەم سزایانە ئێش و ئازاریان بۆ رووسیا دروست کردووە.

*** پرسێکی دیکە کە ناکرێت نادیدە بگیرێت و ئاماژەی پێ نەکرێت، پەیوەستە بە پرسی کڕینی سیستمی مووشەکی بەرگریی رووسییەوە لەلایەن تورکیاوە، ئایا پێت وایە تا چەند ئەم بڕیارەی تورکیا دەبێتەهۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا و ئایا ئەمریکا دەتوانێت چی بکات بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییە بارگرژەکانی لەگەڵ تورکیادا؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەتانەوە هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم بڕیارە کاریگەریی خراپ و بەرچاوی هەبووە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا، هەروەها لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا بە یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆوە، چونکە هێشتا تورکیا ئەندامی ناتۆیە. ئەوەی پەیوەست بێت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە ئەوا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا بەرەوپێشەوە بچێت، دەبێت هەردوولا هەنگاو هەڵبگرن و بگەنە تێگەیشتنێك لەبارەی سووریاوە، بە هەمان شێوە دەبێت کار لەسەر پرسی قوبرس بکرێت کە ئەو کارەی تورکیا ئەنجامیداوە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی قوبرسە و مایەی ئیحراجکردنی یەکێتی ئەوروپایە. دواتر ئێمە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئابووریی تورکیا بەرەو کارەسات دەچێت و ئەردۆغانیش دەیەوێت ئەم کێشە و قەیرانانە لەبیر خەڵکەکەی بباتەوە لە رێی دروستکردنی پەیوەندییەکی دوژمنکارانەی لەگەڵ ئەمریکا، کەواتە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا هەردووکیان هەنگاو هەڵبگرن بۆ دەرچوون لەم گێژاوە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین رووسیا براوەی هەر پەیوەندی و دۆخێکی ئاڵۆزی نێوان ئەمریکا و تورکیا دەبێت؟**

- گومانی تێدا نییە کە رووسیا سوودمەند دەبێت لە ئاڵۆزبوون و دروستبوونی گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیادا.

*** هەندێ جار سەرۆك دۆناڵد ترەمپ رایگەیاندووە کە ئەمریکا خوازیارە باشترین پەیوەندیی لەگەڵ رووسیادا هەبێت، بەڵام رووسیا ئاماژە بەوە دەکات کە کردەوەکانی ئەمریکا پێچەوانەی وتە و لێدوانەکانیەتی، بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هەمان کاتدا ئەمریکا ژمارەیەك سەرباز لە پۆڵەندا جێگیر دەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی رووسیا، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**



- لە راستیدا من لێدوان و گوتارەکان بەو جددییەتە وەرناگرم و پێم وایە هۆکاری بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ رەوانەکردنی هێز بۆ وڵاتی پۆڵەندا و شوێنەکانی دیکەی ئەورووپا دەقاودەق بەهۆی سیاسەتە دوژمنکارییەکانی رووسیاوە بووە و لە دەرئەنجامیشدا دەتوانین بڵێین هەر ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە پەیوەندییەکان بەم ئەندازەیە خراپ بن.

*** باشە پێت وانییە ناکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری و رۆڵی وڵاتی رووسیا نادیدە بگرێت بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی زۆرێك لە کێشەکانی جیهان، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە دۆخی سووریاوە؟**

- ئاشکرایە کە زۆرێك لە کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر دەکران ئەگەر رووسیا بە گیانی هاوکاریکردنەوە مامەڵەی بکردایە، بەڵام هەروەك سەرۆك رێگان دەیوت سەمای تانگۆ پێویستی بە دوو کەسە و رووسیاش نایەوێت ئەو سەمایە بکات.

*** کەواتە دەتوانرێت چی بکرێت و پێویستە چی بکرێت بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بنیاتنەرانە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی رووسیا بۆ ئەوەی بتوانن دۆخێکی گونجاو دروست ببێت بۆ ئەوەی هاوکاریی یەکتر بکەن لە کێشە ئەمنی و ئابوورییەکان لەسەر ئاستی جیهان، ئایا هاتنەدی ئەم حاڵەتە کارێکی کردەنییە؟**

- پێم وایە وەڵامەکە پتر دەکەوێتە ئەستۆی مۆسکۆ هێندەی ئەوەی رووبەڕووی واشنتۆن ببێتەوە، مەبەستم ئەوەیە تاوەکو ئەو کاتەی مۆسکۆ پێداگری بکات لەسەر داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و هەمیشە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی وڵاتی خۆی بە گرنگتر بزانێت و هیچ بەهایەك بۆ بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی وڵاتانی دیکە دانەنێت، ئەوا ناتوانین دەرئەنجامێکی زۆر بەدەست بهێنین.

*** پێتان وایە ئایندەی پەیوەندییەکانی رووسیا و ئەمریکا چی دەبێت لە رووی باشترین و خراپترین سیناریۆوە؟**

بە دڵنیاییەوە خراپترین سیناریۆ هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا، باشترین سیناریۆش ئەوەیە هەردوولا لە رێی گفتوگۆوە بگەنە چارەسەرێك لە رێی ئۆکرانیا کە سەرجەم سەروەریی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و ببێتەهۆی کەمبوونەوەی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن و رێگایەك بدۆزرێتەوە کە رووسیا و ئەمریکا پێکەوە کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە هەرێمایەتی و جیهانییەکان.